
# بێژەن ئیلاهی؛ شاعیرێک کە ڕامووسانی مەترسیدارتر لە یەک واژۆیە

وەرگێڕان و ئامادەکردنی: سۆران محەمەدەسوورە



١٢ی ئابی ٢٠٢٦ شیعر و ڕاڤە

١- ژیاننامە

٢- چەند تێبینییەک لەمەڕ وەرگێڕانی شیعری خۆرە "شقاقلوس"

٣- شیعری خۆرە

٤- خوێندنەوەیەک بۆ شیعرەکە

٥- فەرهەنگۆکی شیعرە وەرگێڕدراوەکە

٦- سەرچاوەکان

١- ژیاننامە

بێژەن ئیلاهی نیگارکێش، شـــاعیر و وەرگێڕ، لە ١٩٤٥ (١٤ی تیری ١٣٢٤) لە تاران لەدایک بووە، ئەو جگە لەوەی شـــاعیرێکی ناســـراو و نوێخوازی فارســـە، وەرگێڕێکی لێهاتوو و کارامە بووە، بە یەکێک لەو وەرگێڕە تایبەت و کەم وێنانە دادەندرێت، کە بە شـــێوازی تایبەت و ناوازەی وەرگێڕانەکانی، خزمەتێکی گەورەی وەرگێڕان و ئەدەبیاتی فارســـی کردووە، کە هەم وەرگێڕان و هەم شـــیعرەکانی کاریگەرییەکی بەرچاوی خســـتە ســـەر ئەدەبیاتی نوێی فارسی.

ئیلاهی، بە یەکێک لە دەنگە نوێیەکانی ئەدەبیاتی نوێی فارســـی دادەندرێت و پێشـــەنگی بزووتنەوەی شـیعری ئەویترە 'شـعر دیگر'، کە هەر دوای ئەوەی ئیلاهی وڵات جێدەهێڵێت، ئەم بزووتنەوەیەش هەڵدەوەشـێتەوە. ئیلاهی، سـاڵانێک لە پاریس بەسـەر دەبات و هەر کە دەشــگەڕێتەوە ئێران، خۆی دەخزێنێتە کونجی تەنیایی و گۆشــەگیربوون، کە ســێ دەیەی کۆتاییی ژیانی، دەچێتە خەڵوەتەوە و خۆی لە عیرفان، شیعرنووسین و وەرگێڕانی شیعردا سەرەونگوون دەکات.

لە منـداڵییـدا مەیلی بەلای نیگـارکێشـــــانەوە دەبێـت و لاوییێتی ئەم مەیلەی بە بێـدەنگی، گۆشەگیری و تەنیایی دەگۆڕێت؛ واتە مەیل ڕووەو شیعر و وەرگێڕان و یەکەم شیعری بە ناوونیشانی بەفر لە (١٣٤٣هـ- ١٩٦٤ز) بڵاو کردووەتەوە.

لە دوای مردنی، شیعرەکانی لە دوو بەرهەمدا بڵاو دەکرێنەوە، چونکە خۆی تا لە ژیاندابوو هیچ بەرهەمەشـیعرێکی بڵاو نەکردەوە. هەرچەند لە سـاڵی ١٩٧٢ (١٣٥٠) بەرهەمە شـیعری لەوەڕی سـەردەم 'علف ایام' بە تیراژی دووسـەت دانە چاپ دەکات، بەڵام بەدەسـتی خۆی ئاوریان تێبەردەدات. لە ماوەی سـێ دەیەی کۆتاییی ژیانیدا، نە شـیعری بڵاو کردەوە و نە لەبەردەم خەڵکیشدا دەرکەوت. تەنانەت لە کۆڕ و بۆنە ڕۆشنبیرییەکانیش خۆی پەرێزگرت و ژیانێکی بێدەنگ و کپ، بەڵام پڕ بەرهەمی لەدوای خۆی بەجێهێشـت. مەسـعوود کیمیایی دەڵێت: لە درێژەدان بە بزووتنەوەی ڕەوتی نوێ، ئیلاهی لێوەشـــاوەترین شـــاعیرێک بووە، بەڵام جەخار، بە هەر هۆکارێک بووبێت، کە ئاشــکرا نییە، شـیعر لە پەراوێزی ژیانیدا بوو؛ بە شێوەیەک، کە تا لە ژیاندابوو، هیچ بەرهەمەشیعرێکی بڵاو نەکردەوە.

بەڵێ، بێدەنگی و گۆشەگیریی ژیانێک، کە لەگەڵ خۆی بردییە نێوگۆڕ و وەسیەتنامەکەیشی نەیهێشت جگە لە واژۆکەی، هیچ شتێکی دیکە لەسەر کێلی هەڵبکۆڵدرێت. بەم شێوەیە خۆی کرد بە دەنگێکی شـیعری و ژیانێک بەهەرتک دیوا شـاعیرانە، کە خودی وەسـیەتنامەکەی

جۆریک میتافۆر بوو بۆ ژیان و شـیعرە پڕ لە تەنیایی، ترسـناک و ڕاڕاییەکانی. بەڵێ "**من! من کە ڕامووسانم ترسناکتر لە یەک واژۆیە**"

ئیلاهی، لە شـــیعرەکانیدا، زمانێکی تایبەت بە خۆی بەکار هێناوە، زمانێکی ئاڵۆز، ئاماژەی قووڵ و پڕ لە ڕەمز و ڕاز. تژی و ســـەرڕێژ لە نوێخوازی، نهێنی و عیرفان، کە ســـوودی زۆری لە عیرفـان و شـــــاعیرە گەورەکـانی جیهـانی وەرگرتووە و کـاریگەریی ئەم سوودوەرگرتنەش بەسەر شیعرەکانییەوە خوویایە.

هاوکات یەدوڵڵا ڕووئیایی لەبارەی ئیلاهییەوە ئێژێت: لەو ڕۆژانەی کە ئێمە تێیداین، ئیلاهی هەمیشـــە بەیانی بوو. بەیانیی ئەو، لە ڕابوردوویەکی دوورەوە هەڵدەقووڵی و دوێنەیلی دوور، برێ جاریش کە تێیدا شـاعیر دەبووە دووبەیانی، ئەوسـا بەیانییەکەی لادەبرد و بۆ ڕابوردوویەکی دوورتر دەیڕەتاند، لەو نێوانەدا تۆزی سەر ڕابوردووی دادەتەکاند و دەبوو بە دایکی پەیڤ، کە جوێی دەکرد و دەیسـازاند. وشـەسـازکەرێکی "Neologue" ئەڤیندار، ئەویندـاری هۆش. زووتر و زێتر لە هەموومـان تێگەیشـــتبوو، کە زوان، پێویســـتی بە وشەتاشین هەیە و ڕاڕەوی فارسیی نوێش، وەرگێڕانە.

لە شـــیعرەکـانی ئیلاهیـدا، تەنیـایی، دڵەڕاوکێ، ترس و نیگەرانی بە بـاڵکێشـــیی، لە گۆشـــەگیرییەکەیەوە فرچکیان گرتووە. کە بە شـــیعرە داهێنەرانە و وەرگێڕانە وردەکانی، توانیویەتی ڕۆڵی بەرچاو لە پێشـــخســـتنی ئەدەبیاتی فارســـی بگێڕێت. هەروەها شـێوازی نووســـین و بیرکردنەوەی، کاریگەرییەکی زۆری لەســـەر نەوەی نوێی شـــاعیر، وەرگێڕ و نووسەرانی ئێران داناوە.

دوای مەرگی ئیلاهی، دوو بەرهەمەشـــیعری بەنێوەکـانی گەنجییەتی "**جوانیھـا**" و بینین "**دیدن**" بە چاپ گەیشـــتوون. هاوکات چەندین بەرهەمی جیهانییشـــی وەرگێڕاونەتە ســـەر زمانی فارسی، وەک: "**اشراقها:** اوراق مصور آرتور رمبو. **صوبح روان:** کنستانتین کاوافی. **بهانەهای مأنوس:** فلوبر، پروست، جویس و نابوکف. **نیت خیر:** فریدریش هلدرلین. **زمرد و حمله:** الیوت + رســتان. **درەی علف هزار رنگ. مســتغلات:** هانری میشــو. **حلاج الاســرار:** اخبار و اشعار. **لورکا**".

ئیلاهی ســـاڵی ٢٠١٠ (ســـێشـــەممەی ٩ی ئازەری ١٣٨٩) لە تەمەنی ٦٥ ســـاڵییدا بەهۆی نەخۆشـــیی دڵ، کۆچی دوایی دەکات و  لە ڕۆژی یەکشـــەمەی (١٤ی ئازەری ١٣٨٩) لە گونـدی بێجیـدەی نوێی مەرزەنـاوا ، لە بەرزاییەکـانی چیـای بەرز "البرز" بە خـاک دەسپێردرێت و جگە لە واژۆکەی خۆی، هیچ شتێک لەسەر کێلەکەی نانووسرێت. ئەمەش نیشاندەری ئەو ژیانە، گومناو، نامۆ و بێدەنگەکەیمان بۆ دەردەخات. چونکە ئیلاهی تەکەزی زۆری خستبووە سەر بێدەنگییەکەی، کە بۆ دوای مردنیشی، بیری لێ کردبووەوە.

## ٢- چەند تێبینییەک لەمەڕ وەرگێڕانی خۆرە

١- ئەم شیعرە خۆرە، کە لەژێر ناوونیشانی 'شقاقلوس' بە زمانی فارسی بڵاو کراوەتەوە، یەکێک لە شیعرە سەخت، ئاڵۆز و ناڕوونەکانی ئیلاهییە، کە تێگەیشتنی شیعرەکە لەپاڵ ئەوەی کە ئیلاهی بۆ خوێنەری فارسیزمانیش سەختە، ئەوە ئەم شیعرەی سەختترینیشە، هەر بۆیە لەپاڵ وەرگێڕانیدا، هەوڵمدا وتارێک لەمەڕ شیعرەکە وەربگێڕم، چونکە ئەم وتارە هاوکارییەکی باشی خوێنەر دەکات بۆ شیکردنەوە، کردنەوەی هەندێک کۆد و تووڵەڕێ تووناوتوونەکانی خودی شیعرەکە. وەنەبێت خوێندنەوەی تر هەڵنەگرێت، چونکە خودی شیعرەکە دەکرێت لە چەندین ڕووەوە بخوێندرێتەوە، بۆیە تکام وایە خوێنەر تەنیا بە خوێندنەوەی شیعرەکە ڕازی نەبێت، کە باز بەسەر وتارەکەدا بدات، چونکە ئەم وتارە هاوکارییەکی گرینگە، بەتایبەت بۆ پڕکردنەوەی کێماسییەکانی من، چونکە ڕەنگە توانای من لە وەرگێڕانیدا کەمی هێنابێت، بۆیە هیوادارم ئەم وتارە ببێتە هۆی ئەوەی خوێنەر لە کەمتواناییم ببووریێت و ڕووسپیم بکات.

٢- خۆرە کە لە زمانی کوردییدا هەمووومان پێی ئاشناین، جۆرە نەخۆشییەکە، کە نەک هەر تشتەکان دووچاری دەبن، بەڵکوو تووشی مرۆڤیش دەبێت. خۆرە کە بۆ ناوونیشانی ئەم شیعرە بەرانبەر 'شقاقلوس'ی فارسی هەڵمبژاردووە، هامان سێفاکلۆس (cephaclus)ی گرێکییە و لە زمانی ئینگلیزیدا گەنگەرین 'Gangrene'ی پێدەگوترێت، لە فەرهەنگی 'کوردستانیکا'دا بۆ "گەنگەرین – gangrene" ئەم وشانەی لە زمانی کوردییدا بۆ هێناوەتەوە:- لاڕەشە، تیراوێ، خۆرە، مەرگ یان داڕزانی شوێنی شانەیەکی نەرم (بەهۆی خوێنپێنەگەیشتن یان نەخۆشیی بەکتریاییەوە).

خۆرە؛ مردن یان گەندەڵبوون و هەوکردنە، تووشی بەشێکی ماسوولکە یان ئێسک و شانەکان دەبێت و دایدەڕزێنێت، بەشی تووشبوو ڕەش و شین دەبێت، خانەکانی لەش بەهۆی کەمی خوێن، سەرمابردوویی و خوێنپێنەگەیشتنیان و چەند هۆکارێکی دیکە، دەمرن.

٣- لەمەڕ وەرگێڕانی ئەم شیعرەوە هەم مانا و واتا، هەم جوانکاری، تەکنیک و سەرواتاکانم لە بەرچاو گرتووە و هەوڵی پارێزگاریکردنم داوە. ئەوەی زۆر لام لێ نەکردووەتەوە، ئەوەیە، کە هەر بەتەنگ گواستنەوەی جیهانبینیی شیعرەکەوە ببم، چونکە دەقی شیعری هەر مانا، یان جیهانبینی نییە، ئەوەی وا دەکات ئەم دەقە بژیێنێت، ئەو بزۆزییە سەرشێتییەیەتی لە یاریکردن بە وشە، مانا، ڕەوانبێژی، فرەمانایی، فرەڕەهەندی و ...، ئەگەر دەقی شیعری هەر گواستنەوەی مانا بێت، ئەوە هەر دەتوانێت یەک مانای گشتیی دەقەکە بگوازێتەوە، بە مانایەکی دیکە هەر دەتوانێت ڕۆڵی خوێندنەوەیەک بگێڕێت، بەم هۆیەوە شیعرەکە ڕێگە بە وەرگێڕانێکی دەقاودەق، یان وەگێڕانێکی ئازاد نادات، بەڵکوو

پێویسـتی بە وەرگێڕانێک بوو، کە لایەنە ئاشـکرا و شـاردراوەکانی دەقەکە نەخنکێندرێن و لەبارنەبردرێن، بۆیە نەدەکرا نە وەرگێڕانەکە تەواو وشـــەیی بێت، نە تەواو وەرگێڕانێکی دەستکراوە و ئازادانەش بێت. بۆیە ئەوەندەی لە توانامدا بووە، لە هەوڵی ڕاگرتنی ئەمانەتی وەرگێڕاندابوومە و لەو شوێنەی پێویستی کردبێت وەرگێڕانێکی وشەیی بێت ئەنجامم داوە و لەو شـــوێنەیش، کە وەرگێڕانێکی ئازادی پێویســـت بووبێت یان هەرتکیان، ئەوە لە ماندووبوون بۆ دۆزینەوەی باشترین بژاردە، درێخیم نەکردووە.

٤- بێژەن ناوی شاعیرێکە کە ناو و شیعری دەبردرێن، تاکە شتێک کە بیری لێ ناکرێتەوە وەرگێڕانیەتی، سـلەمینەوە لە وەرگێڕانی شـیعری بێژەن، خۆی شـیعرێکی سـەرشـێتە، وەرگێڕانیشـــی خۆبێزەوەرکردنە. من لە خاڵی یەکەمدا -سـلەمینەوە-؛ ئەمەی دووەم (خۆبێزەوەرکردن) و لە خاڵی دووەمیشـیدا -وەرگێڕان- هی دووەم (سـەرشـێتیی)م هەڵبژارد. واتە سەرشێتی گرتمی و هەستام بە وەرگێڕانی ئەم شیعرەی خۆرە. بۆیە وەها هەوڵێـک بۆ بیرکردنەوە لە وەرگێڕانی، ڕووکردن و گرتنەبەری ڕێگەیەکی تژی لە دڵەڕاوکێیە، هەرچۆنێـک بێـت، هیوادارم بە ڕەخنە و سـرنجی وەرگێڕ و خوێنەران دەوڵەمەندتر بکرێت.

٥- ماوەتەوە بێژم، یەک: زمانی کوردی زۆرجار پێویســتی بە کۆکردنەوە نییە، چونکە وشـەکە واتای هەم تاک هەم کۆ دەگەیەنن، بۆیە وشـەکانم بە سادە و بەبێ خستنەسـەری نیشانەی کۆ داناون، مەگەر لەو شوێنەی کە وا پێویستی بە نیشانەی کۆ هەبووبێت.

دوو: ١- بەختی کەفاوی: لەمەڕ ئەو وشـانەی کە لە شـیعرەکەدا سـەرواتان، ئەوە هەوڵی ئەوەمداوە کەمێک وەک خۆیان بیانهێڵمەوە، بۆ نموونە: "**بخت را کف‌آلود**" کە لە کۆپلەکانی دواتریش بەر وشـەی سپی، کەفی دوای چزووپێڕۆکردن، کەفی سـەر زاری کەرەکێوییەکان و هاوکات ڕووناکی و ... وایکرد من سـوود لە بەختی کەفاوی وەربگرم، چونکە هەم مانای پووچی لەخۆ بارکردووە، هەم ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ لە زۆر شـوێنی دیکەی شیعرەکەدا وابەستەیە بە ڕەنگی سپی، بە مانایەکی دیکە ئەم پووچی و سپییەتییە، سپیەتی وەک دەرکەوتن و تیشـکی ڕووناکیش سـەرواتای ئەم شـیعرەیەن. ئەم جۆرە کارەم بەشێوەی کەمێک دەستکراوەتر لە هەندێک شوێنی دیکەدا ئەنجامداوە.

٢- قەوانی مۆسـیقا: لە شـیعرەکەدا کە "صـفحەی موسـیقی" هاتووە، دەکرێت هەم مانای ڕووپەڕ بدات، کە نۆتی مۆسیقای لەسـەر دەنووسرێت، هەم دەتواندرێت مانای قەوان لەخۆ بگرێت.

٣- چاڵاوێکی کەندووە؛ کە لە ڕووخسـارم هەڵدەنگوێت: دەکرا ئەمە بەم شـێوەیەش وەربگێڕدرابوایە: چاڵاوێکی کەندووە کە دەگاتەوە ڕووخسـارم، یان بە ڕووخسـاری من

دەگات، یان چەند شـێوەی دیکە، بەڵام بژاردەی هونەرییتر و شـیعرییتر لەلای من، ئەوەیە کە داندراوە. هەڵبەت ئەمە تەنیا نموونەیەکە، کە هێناومەتەوە.

٤- بە هێواشـیی سـپاس[٤] بکرێت: لە شـیعرەکەدا شـکر نووسـراوە، کە دەکرێت هەم مانای شیرین "شەکر" و هەم مانای سپاس بدات، بەڵام سپاسم بە گونجاوتر زانی.

**٣- شیعری خۆرە "شقاقلوس'**

خۆرە
بێژەن ئیلاهی

بۆ کوردیی ناوین: سۆران محەمەدەسوورە

١

شەرم لە ڕووناکیدایە و ئا ئەمەش، دووماهیی هەر ئاخافتنێکە،

هاوسەرم!

پیا تۆم بە ڕووناکیی سپاردە، کە جەستەیەکی فرە بێگەردی هەبوو،

وەرە لەنێو بیابان، ل دو ئەڵقە ونبووەکە بگەڕێ،

کە ئێستاکانێ، با دەنێویدا دەگڤڤێنێت.

ئەڵقەی هاوسەرگری، لەنێو بیابانێکی بێهەتەر، بێهەتەر؛ کە ئێدی شتێک نییە،

[ئەمە هەموویەتی

مەگەر سێگۆشەیەکی کۆنی چکۆلە، سێگۆشەیەکی لە قەلەڕەشان

کەوتووی

ناو سەنگەرێک!

و بەم بەربەیانە کە دووپشک -خوشکە بێنیازەکەم- بەختی

[کەفاویی[١] هەست پێکردووە،

لە نەیدا هەوا هەڵدەخولێت، هەروا لە دووندی کەژا.

٢

خانووەکان دادەڕمێن.

ئەم کەرەکێوییانە، کە بە کەفی ڕوونی دەمیان، بلەز ڕادەکەن،

لە قاچی باریکەڵەماندا سەمایان چەند چاک، پێشبینی

[کردگە!

بەسەر وێرانییەکاندا بەنی کۆلارەیەک لە فڕین

[ناکەوێت

لەنێو دەستی منداڵێکی جوانکیلە، منداڵێکی مردوو.

هەنووکە بەر لە باران، زەوییەکی وشک و برینگ دهێتە ناسکرن،

[کە لەودا

ڕووەک، بە تێکڕایی ناودێرکراون.

و بێدەنگیی  وچانی نێوان ئەم دوو دڵۆپەیەش، کە لە میچی شکەفتەکە

[دەتکێت،

ڕێزلێنانێکە لەتۆ، تۆی منداڵم. کە بەسەر مەرگتدا

کەمێ ڕابوریووە،

ڕێزگرتنێکە لە سەما.

لە وچانەکەدا، لەنێوان دوو دڵۆپی دووماهیی، لەپڕ قۆچکەی

[هەموو جرۆجانەوەران

لە ترسانا دتاییسێن.

ئاو دەخۆمەوە و پیاڵەیەکیش دەپرژێنمە میچەکە

٣

یەکجار دوور، گەلێ دوورتر، فلووسێکم کەفتگە ژێر خاچ.

ئەرێ ڕۆژە؟

لەتاو قرچەی گەرما، ڕووبەند لادەدەین. وەڕێدەکەوین

بۆ دووردەست، بۆ وێ.

لەژێر خاچەکەدا هێلکەیەک بەش دەکەین و ب هەڤڕا دەیخۆین:

[بەخۆشیی!

مەرگیش، بە هەناسەبڕکێ شیوەکە زیویین دەنەخشێنێت.

دوورتر، قەوانی مۆسیقا[٢]، لەژێر سەتان نینۆکی تەمگرتووی جواندا

[دەخولێتەوە،

و دەنگیش، هەمان دەنگ:

ئەرێ ڕۆژە؟

٤

من بیرێکم پەروەراندووە کە بە ئاو ناگات،

لێ چ تاریکاییەکی جوان! لەودیو، تاریکایی ژێر زەوییەکە،

[چاڵاوێکی کەندووە؛ کە لە ڕووخسارم هەڵدەنگوێت[٣]

من ئاوم، ئاو! و ڕەشتاڵانی کەساس، بەر لە نوێژ، بەدوای مندا

[هەڵوەدان.

تەماشایەکی ئاسمان، تەیارم دەکات کە بێدەنگ بم.

و لەنێو بێنی دڕاوا، چەکێکی ئاوڕەنگ بدۆزمەوە.

ئەو دەمەی کە ئاو، بە ڕەنگی خۆی هەڵدەشاخێت، من ئەوم،

[ئەو چرکەساتەم.

ڕەنگی ئاویش، چەند زێتر لە ئاو ڕۆبچێت،

زیندووتر دەبێت: شینتر!

٥

نامۆ، بەنێو حەشیمەتدا ڕادەبرم؛ تا چاو بڕبکات تەنێ ڕووەک، بەڵام لە خۆخشاندنی

[پێم ناوم لێدەگرێت.

چاوم نووقاندووە و ناوی ڕووەک، تاری و ڕەشن.

ئیتر لە هیچ شوێنێکدا، هیچ شوێنێک

من بەنێوێک، وشەیەک بانگ مەکە، کە ئێستا، تەواوی زمان

[لە ناوی ڕووەکێکدا، بەختەوەرە.

سەختتر لە ڕووەک، دەستم لێبدە، دەستەکانت پێشکەشت دەکەم

ناسکتر لە گیا، بمگرە باوەش، جەستەتم هەرزان

[دەدەمێ.

و ڕۆژگارێک کە ئاشەکان، لە ڕووناکیدا دەگەڕێن،

دەستەکانت لێکدەنێیت، مستت هەروا گرمۆڵە دەکەیت و

ئەم گرمۆڵەیە، مینا دیارییەک

دحەڤینیت.

٦

ئێستاکە چەنێک خوویا ڕووخسارت ئازار دەدات

گوڵەبەڕۆژە- هەتا هیوایێ بپشکوێت!

کەوایە کێ ئەم چاکەیە دەنوێنێت؟ کەی پێستی سیمات بە ماچ،

[شینومۆر بکات

تا ڕووناکی بپەڕژێت و

به هێواشیی سپاس[٤] بکرێت؟

من! من كه ڕامووسانم، ترسناکتر لەیەک واژۆیە.

هەوای زوڵاڵ پشتڕاست دەکەمەوە و ڕاسانم لەسەر کورسییەکە

ئەڕای ماڵاوایی.

شەپۆلێکی سپی، لەگەڵ دەمامک و گوڵەوەنەوشەکان، ڕەگەڵ مووچڕکەیەکی تاسەباری

[گزنگان، وا نیزیک دەبێتەوە، نێزیک.

دەنێو چەڵەمەکاندا، هەوا دەهەستێندرێت، بەڵام دەنگی بەریەککەوتنی

[ئێسک، مایەی خۆشحاڵییە.

ماڵاوا، لەم چرکەساتە کاکێشانییەدا، دووبارە، هەمدیس، ماڵاوا!

و دەنێو ئەم هەموو ڕاستییانەدا

لە بری سوێند بە چنگێک خۆڵ خووڵکی منی کردووە،

سەرەپێیەکانم دەکوتم کە هێزی بیستنی

لە خاکەوە مەیسەر دەکەم.

هەرتک نووکی پێیەکانم.

٧

لە زەویی بێگەرد با هەڵبڕاو نەبێت چاو

کە تەنیا بووکێک، لەپاڵ ژوورەکەدا، دەکۆکێت.

تایبەتمەندیی- غەزالانە - و هەروا ورەش

لەسەر خوان لە پاڵ ئاو داندراون، ئاو نیشانەیەکی مەزنە

بە لەنجەولارێک لە دیمەنێکدا.

لەوێ، لەدووردەست، بە هێواشی باڵدەگریت، بەڵام لەو

[سەرەوەش

نیگای بەربەنەکەت دەکەوێتە سەر شاران.

ئا لێرە-هەر لێرووکانە-ئارام ئارام، دەژەنم، دەنووکە

[لێدەدەم؛ پەنجەی من، لە بێدەنگیی دادپەروەرترە.

و سەما، پاڕانەوەیەکی گیرابووە

لەو دەمەی زەوی دەلەرێتەوە.

### ٤- خوێندنەوەیەک بۆ شیعری خۆرە (شقاقلوس)ی بێژەن ئیلاهی

محەمەدحوسێن تۆفیقزادە

بۆ کوردیی ناوین؛ سۆران محەمەدەسوورە

**پێشەکیی**

لەمەڕ بێژەن ئیلاهی، سێ قۆناخی شیعریم لەبەرچاو گرتووە، یەکێکیان ئەو شیعرانەن کە لە نامیلکەی شیعریدا چاپ بوون؛ شیعری درێژ، ئاڵۆز و ناڕوونن. قۆناخی دووەم ئەو شیعرانە دەگرێتەخۆی کە کورتن و بەراورد بە شیعرەکانی قۆناخی یەکەم پوختترن و هاوئاهەنگییەکی ئۆرگانیکییان پێکەوە هەیە، بەگشتی زیاتر ڕوون و مانادارترن، بەهەرحاڵ قۆناخی سێیەم ئەو شیعرانەی لەخۆ گرتووە، کە لە گۆڤاری "تماشا"دا بڵاوکراونەتەوە، دەکرێت بگوترێت کە لەم شیعرانەدا بێژەن ئیلاهی بەم شێوە سادە و بێگەردییە، بە تایبەتمەندیی زمانی خۆی گەیشتبێت.

شیعری 'خۆرە' لە شیعرەکانی قۆناخی یەکەمی شیعری ئیلاهییە. واتە شیعری ئاڵۆز، درێژ و بەگشتییش ناڕوون. ئیلاهی کاتێک کە ئەم شیعرەی نووسیوە، تەمەنی بیست و دوو ساڵ بووە.

ئەم شیعرە، شیعرێکی درێژی لە حەوت کۆپلە پێکهاتووە، پەیوەندیی نێوانیان هێندە ئاڵۆز و تووناوتوونە، تێگەیشتن لە هاوپەیوەندیی شیعرەکە زۆر سەخت و تاقەتپڕووکێن دەکات. تەنانەت لە خودی کۆپلەکانیشدا، پەیوەندیی نێوان دێڕ، وێنە و کۆڕستەکان ناڕوون و ئاڵۆزن، لە ڕاستییدا ئەوەی دەبێتە هۆی تێگەیشتن لە مژارێک، ئەوە لێکچوونی ئەو مژارەیە

لەگەڵ مژاری پێشـــەخۆی، واتە هەر مژارێک بۆ ئەوەی دەرک بکرێت پەیوەســـت کراوە بە مژاری پێشەخۆیەوە.
لێ لەم شیعرەدا بێژەن ئیلاهی وێنەگەلێکی ئافراندووە، کە لەسەر خۆیان هەڵچندراون، واتە پەیوەندییان بە ڕابوردووەوە نییە، پێش ئەوە وەها وێنەگەلێک لە ئارادا نەبوون، کە بکارین بەپێشـــتبەســـتن بە وێنەگەلی ڕابوردووەوە، مەبەســـتی وێنە نوێیەکانی هەڵبهێنجین، بە شـێوەیەک ئەم وێنانە نە لەم شـیعرە و نە لە شـیعرەکانی دیکەیدا دووبارە نەبوونەتەوە و نـابنەوە. ئەم یەکجـارە "نـاوازەییبوون"ی وێنە، -دووبـارە نەبوونەوەی وێنە-، پێدەچێت گرینگترین هۆکـاری لێڵیی و نـاڕوونیی شـــیعری قۆنـاخی یەکەمی ئیلاهی بێـت. ئەم تـاقـانەبوونەی وێنە، ئەم بێدووبـارەیییەی وێنە، لەوانەیە لە گرینگترین تـایبەتمەنـدییەکـانی ئەدەبی مۆدێرن بێـت، ئەدەبی مۆدێرن لە تەوای جیهـانـدا. ئەدەبێـک کە پەیوەنـدیی خۆی لەگەڵ نەریت، ڕابوردوو و وێنەی پێشـەخۆی هەڵپەسـاردووە و وێنەی نوێ دەئافرێنێت، کە پەیوەست بە خۆیانن، دووبارە نابنەوە و دووبارە نین.
بە شێوەیەک کە شاعیر دەیەوێت تاکایەتی و نامۆیی شیعرەکەی بەدرووستکردنی وێنەی نوێ پێشـــان بدات، لەم شـــیعرەدا نە ڕۆژگار، نە شـــوێن و نە دیمەن ئا لەمانە هیچ کامێک بەردەوامییان نییە. ئەمەش بە مانای ئەوەی کە ئەو وێنەیەی لە کۆپلەی یەکەمدا دەیبینین، ئیتر دووبارە نابێتەوە، ئەو وێنەیەیش کە لە کۆپلەی شـــەشـــەم یان حەوتەمدا دەیبینین، دەلوێت کە پێشـــەخۆی لە خودی شـــیعرەکەدا هیچ پاشـــخانێکی نەبووبێت، وەک بڵێیت شـــیعرێکە پێکهاتوو لە چەند ئیماژ یان کۆلاژێک لە چەند ئیماژ، ئەم داشـــکانەوەیە ڕووەو ئیماژ، خواســـتێکی تەواو مۆدێرنانەیە. ئەو شـــاعیرانەی بۆنموونە ت. س. ئیلیەت یان ئێزرا پاوەند، کە پێشـەنگ و ڕێبەری شـیعری مۆدێرنی جیهانن، گرنگییەکی زۆر بە وێنە دەدەن، گرنگییەکی زۆر بە ئیماژ دەدەن. ئیماژ وێنەیەکی جێگیرە، کە هیچ جووڵەیەک تێیدا لەئارادا نییە، شیکردنەوەیەکی بابەتییانە، بەشەکی و هەستپێکراوی شتەکانە.
شاعیر بە خستنەڕووی ئیماژ، هەر تەنێ لە هەوڵی ئەوەدا نییە هەستەکانی خۆی بە خوێنەر پێشـــکەش بکات، بەڵکوو گەرەکییەتی ئەو ئۆبژەیە، ئەو شـــتە بە تەواوی بوونی خۆیەوە، دووبارە بە زمان بیسازێنێتەوە، وێنەیەک لەو ئۆبژەیە بخاتەڕوو/ پێشکەش بکات، کە پێشتر لە ئارادا نەبووە. هەر لەبەر ئەمەشـــە کە پەیوەندیی ئەو وێنەیە لەگەڵ دونیای دەرەوەدا دەپچڕێت. بۆیە ئیلیەت لە پێشـــنیازەکەی بۆ ڕەخنەگری ئەدەبیدا بێژێت: پێویســـتە ســـرنج لەســـەر خودی شـــیعرەکە بێت. ئەوە خودی شـــیعرەکەیە، کە نوێنەرایەتی و گوزارشـــت لە خودی خۆی دەکات. گرینگ نییە کە تۆ بزانیت ژینگەی شـــاعیر چ ژینگەیەک بووە و لە چ دۆخێکدا یان لە چ تەمەنێکدا ئەم شـــیعرەی نووســـیووە، لە کاتێکدا شـــیعرەکە دیاردەیەکی تەواو جیاواز و دابڕاو بێت لە ژینگەکەی، تەنانەت لە خودی شـــاعیر جوودا بووبێتەوە، نە وێنەیەکی دووبارەی تێدا بەدی بکرێت، نە پەیوەندییەکی لەگەڵ وێنەکانی پێشەخۆی هەبێت،

تەنانەت بە شێوە و پێکهاتەی شیعرەکەش نائاشنایە؛ کاتێک هەموو ئەمانە لە یەک شیعردا هەبن، خوێندنەوە و تێگەییشتن لێی کارێکی سەخت دەبێت.
گەرەکە خوێنەر و بیسەری شیعری مۆدێرن؛ خوێنەری چالاک و بەتوانست بێت، ئەگەر نا ناتوانێت لە شـــیعرەکە تێبگات، دەبێت بتوانێت هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ شـــیعرەکە بڕوات، وێنەکان وێنا بکات، بەگشـتی کۆی شـیعرەکە دووبارە دابڕێژێتەوە. خوێندنەوەی شـیعری مۆدێرن زۆر جیاوازە لە خوێندنەوەی شـــیعری نەریتیی و باو، تەنانەت لە شـــیعری هاوچەرخی ئێمەدا [فارسی] خوێندنەوەی شیعری نیما یوشیج یان ئەحمەدی شاملوو یان شـاعیرانی دیکە، کە شـاعیری نوێخوازی ئێمەن، شـیعر شـێوازی خوێندنەوەی خۆی لەگەڵ خۆی دەئافرێنێت، خوێنەری ئەم شـیعرە -خوێنەری شـیعری مۆدێرن- گەرەکە شـیعرەکە بەو جۆرە بخوێنێتەوە کە لە شـــیعرەکەدا هەیە، وەک ئەوەی شـــیعری مۆدێرن بیەوێت خوێنەر بەشـدار بێت لە بەرهەمهێنانەوەی شـیعرەکە و مانا لە شـیعرەکەدا، لە دووماهییدا خوێنەری شیعری مۆدێرن هەر خوێنەرێکی ڕووت و دەستبەستراو نییە، هەموو کەسێکیش نـاتوانێت شـــیعری مۆدێرن بخوێنێتەوە و لە چێژی ئەدەبی شـــیعرەکە چێژ و کەڵـک وەربگرێت.

دەبا بگەڕێینەوە بۆ لای شـیعری 'خۆرە'، ئەم شـیعرە کۆلاژێکە لە چەند ئیماژ، وێنەیەک کە پاڵیەکخراون لە پارچەکاندا یـان لە کۆپلەی جیـاوازدا پێکەوە هـاتوون، کە بەڕواڵەت هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییە، بە جۆرێک لەم تاریکاییەدا ڕووناکیدانەوەی شـــیعرەکە بەســـەر چەند تابلۆ و وێنەوە پەرش بووبێتەوە، وێنەیل بۆ وشـــەیەک، ئاماژەیەک، یانیش دێڕێک یان کۆپلەیەک ڕوون دەکاتەوە و دواتر ئەم وێنانە ون دەبن، بەبێ ئەوەی دەرک بەوە بکەین، کە پەیوەندیی نێوان ئەم وێنانە بەڕاستی چی بووە، بەبێ ئەوەی بتوانین تاڵێک لە پەیوەندیی نێوان ئەم وێنانە هەڵبهێنجین و بدۆزینەوە، بەشـــێوەیەک کە ئەم وێنانە لە شـیکردنەوە و مانا لایان دابێت، ڕێک لەو چرکەیەدا کە خوێنەر یان بەردەنگ هەست بکات کە ماناکەی هەڵهێناوە؛ ئەوە شـــیعرەکە دەرگە بەســـەر وێنەیەکی نوێدا ئاوەڵا دەکاتەوە و مانایەکی دیکە بە هەڵواسراوی دەهێڵێتەوە.
بەڵام لە مێشـــکی شـــاعیردا پەیوەندییەک لەنێوان ئەم وێنانەدا هەر هەبووە، ئەگەر نـا بەســەریەکەوە و لە شـیعرێکدا نەیدەخســتنەڕوو، ڕەنگە یەکەم دەســتپێکمان بۆ کردنەوەی ئەم گلۆڵە ئاڵۆز و ســەرلێشـێوێنەرەی شـیعری 'خۆرە' ناوی خودی شـیعرەکە بێت. خۆرە "شـقاقلوس" کە لە وشــەی ســێفاکلۆس وەرگیراوە، جۆرێک نەخۆشـییە، بەهۆی ئەم جۆرە نەخۆشــییەوە، بەشـێکی جەســتە دەمرێت و دادەڕزێت، چارەســەرکردنیش لە ســەختترین دۆخدا بڕینەوەی ئەو بەشـــەیە کە مردووە. بۆیە دەکرێت گریمانەی ئەوە بکەین، کە بێژەن ئیلاهی ئا هەر لەم ڕووەوە ئەم شـــیعرەی ناوناوە، چونکە ئەم شـــیعرە گوزارشـــت یان شــاردنەوەی ئاوها دۆخێکە. دۆخێک کە بەشـێک لە کۆی بەشــەکی مردوو، کە پەیوەندیی

دەگەڵ ئەو تەکووز "سیستەم" و پێکهاتە پچڕاوەدایە کە وا بڕیارە ببڕدرێت و فڕێ بدرێت؛ دەبێت جیابکرێتەوە. کاتێک هەر لە دەستپێکەوە لە کۆپلەی یەکەمڕا لە شیعرەکە بنواڕین تا دوا کۆپلەی کە کۆپلەی حەوتەمە، ئەوە تێدەگەین کە ڕەنگە ئەم ناوە، هەمان وشـــە، هەمان ئەم دۆخە بێت، کە ئەم ناوە دەخاتە مێشکی خوێنەرەوە، دەتوانێت هەموو ئەم وێنە دوورانە بەیەکەوە ببەستێتەوە و یەکەیەکی تۆکمە دروست بکات.
بە شـێوەیەک کە شـاعیر بارودۆخێک دەرببڕێت، تەکووزێک پێشـان بدات، جەسـتەیەک بەرچاو بخات، جەسـتەی یەک جەسـتە، پەیوەندییەکی نێوان کەسـایەتییەک و یەکێک لەو ئەندامانەی کە تووشـی ئەم داڕزاویی شـوێنییە (مردنی خۆجێیی-مرگ موضـعی) بووە، گەرەکە ئێستاش ئەو ئەندام یان بەشەی کە داڕزاویی شوێنی هەیە، ئەو بەشەی کە گەندەڵ بووە، ببڕدرێت و لەم یەکبوونییەدا دابڕێندرێت. دەکرێت وەها وێنا بکرێت، کە ئەم ناوونیشـانە دەمانباتە سـەر ئەو تێگە (چەمک) هەمەکییەی کە لەم شـیعرەدا لەئارادایە، جیاکردنەوەی زۆرەکی لە پەیوەندییەکی نێوان کەسیدا. ئەو دابڕانەی کە لەگەڵ دەرکەوتنی ڕووناکییدا دەئافرێت، بوومەلەرزەیەک کە خانووەکان تەفروتوونا دەکات، مردنێک کە پشـووسـوارانە بە شـیودا ڕادەبرێت و گەرووەکە (دۆڵ) زیوڕەخشـان دەکات، بەسەریەکیشەوە؛ خوداحافیزی و ماڵاوایی‌کردنێک.

**یەکەم**

**شەرم لە ڕووناکیدایە و ئا ئەمەش، دووماهیی هەر ئاخافتنێکە،**

**هاوسەرم!**

**پیا تۆم بە ڕووناکیی سپاردە، کە جەستەیەکی فرە بێگەردی هەبوو،**

**وەرە لەنێو بیابان، ل دو ئەڵقە ونبووەکە بگەڕێ،**

**کە ئێستاکانێ، با دەنێویدا دەگڤڤێنێت.**

**ئەڵقەی هاوسەرگری، لەنێو بیابانێکی بێهەتەر، بێهەتەر؛ کە ئێدی شتێک نییە،**

**[ئەمە هەموویەتی**

**مەگەر سێگۆشەیەکی کۆنی چکۆلە، سێگۆشەیەکی لە قەلەڕەشان**

**کەوتووی**

**ناو سەنگەرێک!**

**و بەم بەربەیانە کە دووپشک -خوشکە بێنیازەکەم- بەختی**

**[کەفاویی هەست پێکردووە،**

**لە نەیدا هەوا هەڵدەخولێت، هەروا لە دووندی کەژا.**

لەم شـــیعرەدا ڕووناکی کە لە کۆپلەکانی یەکەم، دووەم، پێنجەم و شــــەشــــەمدا دەیبینین، یەکێکە لە وشـــە وەربارەکان. ئەو کاریگەرییەی کە ڕووناکی بەدرێژاییی ئەم شـــیعرە دەیگێڕێت، ســـەرەتای لێکهەڵبڕان و جوودابییە. ئەو دەمەی ڕووناکی دەکەوێت، کاتێک کە بەیانییە، لێکهەڵبڕان پێش دێت. لەم نیوەدێڕەدا "**شـــەرم لە ڕووناکیدایە و ئا ئەمەش، دووماهیی هەر ئاخافتنێکە**"، ئەو دەمەی کە ڕووناکی دادەکات: شەرم پێش دێت. تا ئێرە تاریکایی بوو و شـــەرمێک لەئارادا نەبوو، بەڵام هەر کە ڕووناکی دەکەوێت، شـــەرم ســـەرهەڵدەدات، ئا لێرەوە گوفتاریش دووماهی لێدێت. ئا لێرەدا کۆتایی پەیوەندی ڕادەگەیێنێت؛ ئەڵقەی هاوســـەرگری لە ناو بیابانێکی کاکی بەکاکی ون بووە؛ لە بیابانێکی قاقڕ، کە جگە لە ســـەنگەرێک هیچ شـــتێکی دیکەی تێدا نییە، ســـەنگەرێک کە تەرمی ســـێ قەلەڕەشی بەشێوەی سێگۆشە لەخۆ گرتووە.

لەم وێنە شیعرییەدا ئێمە وەک خوێنەر چی هەڵدەهێنجین؟ دووبارە بۆ بەشە پیکهێنەرەکانی وێنەکە دەگەڕێینەوە و پێیدادەچینەوە، سەنگەرێک کە بەشێوەی سێگۆشە تەرمی سێ دانە قەڵەڕەشـی تێکەوتووە. سـەنگەر پەناگەیەکە لە شـەڕدا، هاوکات تەرمی ئەم قەلەڕەشـانە لە وەها ســەنگەرێک کەوتوون، وەک بڵێیت کە لەم شــوێنەدا ســەنگەریان گرتبێت و شــەڕیان کردبێت، بەڵام قەلەڕەش لەگەڵ چ شــتێک دەتوانێت جەنگ هەڵبگیرســێنێت و بجەنگێت! یان دەتوانین چ کار و پەرچەکردارێکی لێ چاوەڕوان بکەین، کە وێنای جەنگی لێ بەدی بکەین! قەلەڕەش لە چاندی (کولتووری) ئێمەدا هێمای هەواڵدان و شــوومییە، بە ســرنجدانمان لە درێژاییی شـــیعرەکەدا، بەتایبەت ســـرنجدان لە مژارێک کە شـــاعیر لەمەڕ ناو و زمانەوە دەیخاتەڕوو، تەنانەت هەر لە دێڕی یەکەمدا "دووماهیی هەر ئاخفتنێکە" و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەیش کە قەلەڕەش پەیڤەکە ســـەتبارە دەکاتەوە و هەواڵگری دەکات؛ وەک ئەوە وایە کە ئەم ســـەنگەرە پەناگەی دوان و گوفتار بوو‌بێت، پەناگەی ئاخافتن بووە. ئێســـتا ئەوەی کە ئەم ســـەتجارەکییەی گوفتارە دەردەخات، ســـەلمێنەری ئەم هاواڵگری و گوفتارانە دەکات، دەرخەری گوفتاری شـــوومە، ســـڕاوەتەوە و نەماوە. ڕووناکییەک وەدەرکەوت و لەگەڵ خۆیدا تاریکیی نێو سەنگەرەکەی ڕاماڵی و برد. لە لایەکی ترەوە وشەی سێگۆشەمان هەیە، کە وێنەیەکی تیژ و زبراوییمان پێشـان دەدات، پێمان بێژێت سـێگۆشـەیەکی بچووکی کۆن،

له کۆتاییدا دەتوانین بڵێین کە قسەی شـــووم، دووبارەبووەوەیی و توونددوتیژانە، لەناو خودی سەنگەرەکەدا لەبەینچوون.
لێرەدا زمان لە ڕووناکیدا کۆتایی پێ هاتووە و هاوکات شـــەرم پێش بەم زمانە دەگرێت و ڕێبەســـت بۆ ئاخافتن چێ دەکات. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی پیاوەکە لە ڕووناکیدایە، ئەم شـــەرمەش تەواوی ئەم پیاوەی تەنیووە. ئەمە چ کاتێک پێشـــدێت: بەربەیان، کەوتنی ڕووناکی، ئەو ســـاتەیە کە ناپووختی، ناهاوێری و چڕی لەلایەن بەختکوێرییەوە (بەختی کەفاویی) دەرک کراوە، وێنەیەک کە گوزارشـــتی ئەمە هەڵدەهێنێت و پێشـــانمان دەدات، وێنەیەکی نامۆ و غەریبە، "**بەم بەربەیانە کە دووپشک-خوشکە بێنیازەکەم- بەختی کەفاوی هەست پێکردووە**". دەکرێت بۆ ئەم وێنە شیعرییە دوو ڕاڤە لەبەرچاو بگیردرێت: یەکێکیان ئەمەیە کە تەنانەت دووپشـــکیش کە بێباکە و نیازداری هیچ شـــتێک نییە، کەفاوی و بەختپووچی دەرک کردووە. لەلایەکەی دیکەوە گەرەکە ئەوە لەبەرچاو بگیردرێت؛ کاتێک کە دووپشـــک بە کەســـێک وەدەدات یان چزووی پێڕۆدەکات، ئەوە ڕێک کەف لەنێو زاری ئەو کەســـە کۆ دەبێتەوە، لەوڕا دەکرێت ئا بەم شـــێوەیە ئەم وێنەیە دەرببڕێندرێت و هەڵبهێندرێت؛ لەو بەربەیانەی کە دووپشـــک هەســـتی بە بەختەوەری کردووە، بەجۆرێک چزووی بە بەختدا ڕۆکردووە و بەختیش لە پێوەدانی ئەم دووپشـکە، کەفی هەڵهێناوە و لە ئاویلکەداندایە.

ڕەشـــیەتیی دووپشـــک لەگەڵ ســـپیەتیی بەربەیان، هاوکات لەلایەکی دیکەشـــەوە ڕەشـــیەتیی دووپشـــک لەگەڵ بەخت، کە چارەڕەشـــی و کوێرەوەری گوزارشـــت دەکەن و دەنوێنن، پێویســـتە لەبەرچاو بگیردرێن. بەشـــێوەیەکی گشـــتی ئەو وێنەیە لە کات، کە لەم کۆپلەیەدا دەیبینین، بەربەیانێکە کە بەختێکی کەفاوی تێدایە، بەختێکی کەفاوی هەڵهێناوە، بەربەیانێک کە تێیدا هەســـت بە ناپاڵاوتەیی، ناپاکی و بێمانایی دەکرێت. لە کۆتا دێڕیشـــدا، فەزای گشـــتیی شـــیعرەکەمان بۆ وێنا دەکاتەوە؛ "**لە نەیدا هەوا هەڵدەخولێت، هەروا لە دووندی کەژا**". ئەم وێنە شیعرییە دەتوانێت وێنەیەک لە قامیشەڵانمان بۆ بەرچاو بخات، کە با دەنێویدا خول دەخوات و ڕووەو دۆڵ، باســـک و زینووی کێوان هەڵدەگەڕێت. لەلایەکی دیکەشـــەوە دەنگی ســـۆزاویی نەی بیر دەخەمەوە، کە با لە نەی و ملەی شـاخەکاندا لوول دەخوات.

کۆپلەی یەکەمی شیعرەکە، خویاکەر یان ڤەشـارتنی دەسـتپێکی ئەم دۆخەیەیە، دەسـتپێکی ســـاتەوەختی لێکهەڵبڕان. بیابانێکمان بەرچاو دەخات، کە لەوێدا ئەڵقەی هاوســـەرگری تێدا وەندا بووە و با تێیدا دەگڤڤێنێت، بەربەیانێک کە بەختکەفاوی، بەختکوێری، پووچی، کڵۆڵی و چارەڕەشـی هەسـت پێ دەکرێت، شـەرم و ڕووناکییش دووماهیی هەر جۆرە ئاخافتنێک ڕادەگەیێنێت.

دووەم

**خانووەکان دادەڕمێن.**

**ئەم کەرەکێوییانە، کە بە کەفی ڕوونی دەمیان، بلەز ڕادەکەن،**

**لە قاچی باریکەڵەماندا سەمایان چەند چاک، پێشبینی**

**[کردگە!**

**بەسەر وێرانییەکاندا بەنی کۆلارەیەک لە فڕین**

**[ناکەوێت**

**لەنێو دەستی منداڵێکی جوانکیلە، منداڵێکی مردوو.**

**هەنووکە بەر لە باران، زەوییەکی وشک و برینگ دهێتە ناسکرن،**

**[کە لەودا**

**ڕووەک، بە تێکڕایی ناودێرکراون.**

**و بێدەنگیی وچانی نێوان ئەم دوو دڵۆپەیەش، کە لە میچی شکەفتەکە**

**[دەتکێت،**

**ڕێزلێنانێکە لە تۆ، تۆی منداڵم. کە بەسەر مەرگتدا**

**کەمێ ڕابوریوە،**

**ڕێزگرتنێکە لە سەما.**

**لە وچانەکەدا، لەنێوان دوو دڵۆپی دووماهی، لەپڕ قۆچکەی**

**[هەمـــــــــــــــــــوو**

**جرِوجانەوەران**

**لە ترسانا دتاییسێن.**

**ئاو دەخۆمەوە و پیاڵەیەکیش دەپرژێنمە میچەکە**

ئەوەی کە لەم کۆپلەیەدا دەخرێتەڕوو، لە دوا کۆپلەدا -کۆپلەی حەوتەم- بەردەوامی پێدەدرێت، بوومەلەرزە و باران، کە لەم کۆپلەیەدا تەکەزی خراوەتەســـــەر، لەوێدا –لە

کۆپلەی حەوتەمـدا– ڕوویـداوە، گێڕانەوەی دوای ئەوەش هەر لە کۆپلەی حەوتەمـدا تێیهەڵـدەنگوین. بوومەلەرزەیەک دێـت، خـانووەکـان دادەڕمێن و کەرەکێوییەکـان، کە لە هەڵاتندان؛ نیشانە و دەرخەری ئەم بوویەرەن. ئەمەش ئەو بڕوایە پشتڕاست دەکاتەوە، کە گیانەوەران هەست بە ئەگەری ڕوودانی بوومەلەرزە دەکەن، هەر ئەمەی کە کەرەکێوییەکان وەها پێشـبینییەکیان کردووە، هەمان شـت پێشـان دەدات. بەڵام ئەو (شـاعیر) خۆی لە بەکارهێنانی وشـەی بوومەلەرزە دەبوێرێت، لەپای ئەوەدا سـوود لە وشـەی سـەما وەردەگرێت، لەجیاتی بڵێت؛ کەرەکێوییەکان پێشـبینیی بوومەلەرزە دەکەن، ئەوە بێژێت لە قاچە لاواز و باریکەڵەکانماندا سـەمایان پێشـبینی کردووە. هاوکاتیش لە کۆپلەی حەوتەمدا دەبینین، کە خودی سەما نزایەکی گیرابووە، لەو دەمەی کە زەمین دەلەرزێت، بە شێوەیەک کە پێویسـتیی ئێمە سـەماکردن بوو بێت و بوومەلەرزەکەش گیرابوونی نزاکەمان بوو بێت. بەڵام چ شتێک لەم بوومەلەرزەیە دەمێنێتەوە؟ خانووەکان کە وا وێران دەبن و بەسەر ئەم وێرانییەشـدا تەنیا کۆلارەیەک لە باڵەفڕەدایە، کۆلارەیەک کە بەنەکەی لە دەسـتی زارۆکێکی جوانکیلکەی مردوودایە.

منداڵەکە گیان دەسـپێرێت و کۆلارەکەش تاقە نیشـانەی بوونەکەیەتی، منداڵەکە، بێگەردی، چێژی کایە، سەرگەرمی و شادی ... هەموو ئا ئەمانە بەهۆی بوومەلەرزەکەوە نامێنن، تەنێ یەک نیشـانەی لێ دەمێنێتەوە، ئەویش ئەو کۆلارەیەیە کە لە دەسـتی با دایە. دەکرێت بەم شێوەیە وێنای بکەین، کە تەنیا شتێک کە لە مەرگ دەمێنێتەوە، تاکە شتێک کە دوای مەرگ لەسـەر پێیە و دەژییێت، خۆشـی و شـادییە، کۆلارەیەک کە بەسـەر وێرانییەکانەوەیە، لە وێرانییەکان ئازاد و ڕزگار بووە.

لەهەمانکاتدا سـەرەداوەکە؛ دەسـتپێکی ئەم خۆشـیی و شـادییە؛ لە دەسـتی منداڵە جوانکیلەکەدایە. بەم ئەگەرەوە کە منداڵەکە مردووە، بەڵام کۆلارەکە هەر بەردەوامە. ئەو شادی، چێژ و سەرمەستییە هەر بەردەوامە. بەگوێرەی کۆپلەی سێیەمی شیعرەکە، دەکرێت کە خۆشی و مەرگ ئاوێزانی یەککراون و بەشێوەیەک وا دیارە مەرگ بەر تەشەر و گاڵتە گیراوە. بۆیە دەکرێت ئەم مژارە بە یەکێک لە سـەرواتا (واتای سـەرەکی- بنمایە)کانی ئەم شـیعرە دابنێین، بە وەلاوەخسـتنی مەرگ. وێنەی دواتر کە هەر لەم کۆپلەیەدایە، خاک وشکهەڵاتوو وێناکراوە، بەڵام وشکیی ئەم خاکە، وشکییەکی ئاسایی نییە، وشکییەکە کە بەرەنجامی زمان و ناونانە، خاکێکی وشـکهەڵاتووە، کە ڕووەکەکانی ناویان لێندراوە و ناونراون. ئەگەریش وایە، باران بەسـەر ئەم خاکەدا دابکات و بیشـوواتەوە، پێدەچێت باران بەسـەر ئەم خاکە وشـکهەڵاتووەدا دابکات، کە لەژێر کاریگەریی ناوی وشـک بوو و ڕێسـابەندیی زمان؛ وشـکهەڵاتووە؛ دابکات و ئەم وشـکییە ڕابماڵێت. ئەمە بارانە کە گەرەکییەتی وشکیی زمان بسڕێتەوە.

وێنەی دواتر لەناو ئەشکەوتێکدایە، کە لە میچەکەیەوە دڵۆپ دەتکێت، شاعیر بێژێت لەنێوان دڵۆپەکاندا وچانێک هەیە، وچانێک کە لەنێوان هەر تنۆکە ئاوێکدا کە لە میچەکەوەیە و هەیە،

ئەم وچانە، ئەم بێدەنگییە، بێدەنگییەکە بۆ ڕێزگرتن لە مەرگ، ڕێزگرتن لە مەرگی منداڵیی من، ڕێزگرتن لەو مەرگەی کە لە بەرداوامیی لەگەڵ بوومەلەرزەکەدا پێشدێت. بەشێوەیەک کە وا ئەم بێدەنگییە خەریکە ئەم بوویەرە پێشـبینی دەکات، ئەم بێدەنگییە خەریکە مەرگ و بوومەلەرزە، تەنانەت ئەو سـەمایەش، کە بەهۆی بوومەلەرزەکەوە پێش دێت، پێشـبینی دەکـات، چرکە بە چرکەش بێـدەنـگ دەبێـت و ڕێز لەو بوویەرانە دەگرێـت. بۆچی ڕێز دەنوێنێت؟ چونکە لە بەرەنجامی ئەو بوومەلەرزەیە، وێرانبوونی خانووەکان و بارینی ئەو بارانەی کە وشـکیی زمان ناهێڵێت، بەجۆرێکە کە دەمامکەکان نامێنن، ئازادیی لەدایک دەبێت، کۆلارەیەکیش بەسـەر وێرانییەکانەوە تەنیا و ئازاد، دابڕاو لە وێرانییەکان ڕوو بەئاڕاسـتەی خۆی مل دەنێت؛ ئازادییەکی مەسـتاوی، مەرگێک، کە لە بەردەوامیی خۆیدا سـەرخۆش و ئازادە؛ دەیەوێت ئا لەمە ڕێز بنوێنێت، وەک بڵێیت ڕێزنواندن بێت لە دۆخی هاودژیی و دژبەیەکیی سەما لە ساتەوەختی بوومەلەرزەدا؛ شادی لە ساتەوەختی مەرگدا. ئا ئەم هەستە مەست و ئازادانەیەیە، کە ئەم بێدەنگییە ڕێزی بۆ دەنوێنێت.

وێنەی دوای ئەمە هەر لە ئەشـکەوتەکەدا درێژە دەکێشـێت، لە وچانی نێوان هەردووک تنۆکی کۆتاییدا، کتوپڕ قۆچکە (شـاهەسـتەوەر)ی هەموو جروجانەوەرەکان لە ترسـاندا دەترووسـکێنەوە، لە دەسـتپێکی کۆپلەکەدا کەرەکێوییەکانمان بینین کە کەفێکی ڕوون (ڕووناک) لەسـەر زاریان هەیە، بە ئاگان و کەفی ڕوونی سـەر دەمیان، خۆشـی و مەسـتی، جۆشـوخرۆش و تامەزرۆیی نوور و ڕووناکیش کە هۆشـیارییەکی نوێیە. کەرەکێوییەکان پێشـبینیی مەرگ، بوومەلەرزە و هەروەها بارانیش دەکەن. لێرەدا جروجانەوەرەکان کتوپڕ بەئاگادێن و قۆچکەکانیان دەبریقێتەوە. بەڵام لە ترسـاندا، ترس لەو بوویەرانەی کە وا بڕیارە پێشـبێن. دوو دڵۆپەی کۆتایی، کە بەرەو تەواوبوون دەچن، بەجۆرێک وەک بڵێیت ئەوا ئێسـتاکانێ ئەم ڕووداوە دەقەومێت، بەڵام شـاعیر چ پەرچەکردارێکی هەیە؟ ئاو دەخۆمەوە، قوومێکیشـی بە میچەکەدا دەپرژێنم. ئێمە وەها چۆرپرژاندنێک لە نەریتی مەیخۆریدا دەبینین، کە پیاڵەیەک مەی بەسـەر خاکدا دەپرژێندرێت؛ بە یادی مردووان. شـاعیر زۆر بەئاسـانی یێژێت: لە وەها دۆخێکدا من ئاو دەخۆمەوە، زۆر بە ئاسـانی و ئارامانە ئەم ڕاسـتییانە قەبووڵ دەکەم، نەک هەر تەنیا ئەمەش دەکەم، بەڵکوو ڕەفتارێکی سەرخۆشانە و نوێش ئەنجام دەدەم، پیاڵەیەک ئاو دەپرژێنمە میچەکە. میچێک، کە تا ئێستا تنۆک تنۆک ئـاوی لێ دەتکـا، ئەمجـارە منیش پیـاڵەیەکی دەپرژێنمە میچەکەوە، هەڵبەت بەیادی مەرگی خۆم، بە یادی داڕووخانی ئەم خانووانە، بە یادی مەرگی منداڵییم، منیش ئا بەم شـێوەیە ڕێزی خۆم دەنوێنم، دۆخێکی سـەرخۆشـانە، چۆرپرژاندن. ئەم ڕسـتەیە لەدرێژەی ڕستەی پێشدا هەواڵ لە بوویەرێک، لە مەرگ و لە جوودایی دەدات.

**سێیەم**

**یەکجار دوور، گەلێ دوورتر، فلووسێکم کەفتگە ژێر خاچ.**

**ئەرێ ڕۆژە؟**

**لە تاو قرچەی گەرما، ڕووبەند لادەدەین. وەڕێدەکەوین**

**بۆ دووردەست، بۆ وێ.**

**لەژێر خاچەکەدا هێلکەیەک بەش دەکەین و ب هەڤڕا دەیخۆین:**

**[بەخۆشیی!**

**مەرگیش، بە هەناسەبڕکێ شیوەکە زیویین دەنەخشێنێت.**

**دوورتر، قەوانی مۆسیقا، لەژێر سەتان نینۆکی تەمگرتووی جواندا**

**[دەخولێتەوە،**

**و دەنگیش، هەمان دەنگ:**

**ئەرێ ڕۆژە؟**

ئەم کۆپلەیە لە ڕووالەتدا پەیوەندیی لەگەڵ کۆپلەکانی پێشەوەدا نییە، بەڵام ئەوە کاتێک ئەم پەیوەندییە ڕوون دەبێتەوە، کە ئەو مژارەی لە کۆپلەکەدا هەیە، لەگەڵ درێژەی مژاری کۆپلەی پێشەخۆی لەبەرچاو بگرین. ئەمە بە چ مانایەک دێت؟ لەکۆپلەی پێشدا شادی و دڵخۆشیمان لە دەمی مەرگدا بینی، سەمامان لە دەمی بوومەلەرزەدا بینی، هەروەها لەم کۆپلەیەشدا خاچێک دەبینین، کە شادی و مەستی لەژێریدا سەرهەڵدەدات. لە کاتێکدا مەرگ شیوەکە زیوڕەخشان دەکات و لە بەربەیانیشدا مردن دهێت، هەر لەژێر ئا ئەو خاچەدا، ئێمە هێلکەیەک دووکەرت دەکەین و بە خۆشییەوە دەیخۆین.
وێنەی دووکەرتکردن و خواردنی هێلکەکە؛ بەخۆشی، هاوکات بەدەم مەرگەوە لەژێر خاچەکەدا، وێنەیەکی دیکە لەمەڕ خۆشحاڵییەوە هەیە، کە لەمەڕ مەرگ وێنەیەکی تری تەوساوییە، چونکە وا بڕیارە هێلکە بوونێکی نوێ بە دونیا بهێنێت، وەک ئەوەی بوونێکی کۆکراوەی هێلکە، بوونێک کە لە قەپێلکێکدا جێکەوتووە. ئێمە لەژێر خاچەکەدا وێستاوین، مەرگیش کەشەکە دەڕەنگێنێت، تەنانەت لە هەمان ساتدا، ئێمە بوون؛ ئەو بوونە گوشراوەیە دووکەرت دەکەین و ب هەڤڕا دەیخۆین، دۆخی خواردنەکەش بە کەیف، مەستی و

شـــادییەوەیە، وەک بڵێیت کە ئێمە لەگەڵ بوون و مەرگ، ژیان و مردن ســـەرمەســـتانە لە بەرخورد داین.
خاڵێکی دیکە، کە لەم کۆپلەیەدا جێگەی سـرنجدانە و لە کۆپلەی شـەشـەمیشـدا بە شـێوەی جیـاواز خراوەتەڕوو؛ ئەمیش دەمـامکە. لەم کۆپلەیەدا بە هۆکـاری گەرمیی زۆرەوە، دەمامکەکانمان وەلاوە دەنێین. ئاخۆ ئەم گەرمایە بەرەنجامی چی بێت؟ دەکرێت بەرەنجامی ئەم مەســتی و شـــادییە بێت، ئێمە دەمامکەکانمان لەم دەمەی مەســـتییەدا فڕێ دەدەین و دەبین بە خۆمان، خودی ڕاســـتینەمان دەردەخەین، بەبێ هیچ دەمامک و فریودانێک، بەبێ ئەوەی نکوڵی لە خۆمان بکەین، لەژێر خاچەکەدا بە سـاغڵەمییەوە بوون بەش دەکەین و بە خۆشی و حەنەکەوە دەیخۆین.
دەمی ئەم بوویەرانە هەمان بەربەیانە. هاوکات دووجار پرســـیار دەکرێت کە ئاخۆ ڕۆژە؟ تەنانەت ئەو دەنگەی کە لە قەوانی مۆسـیقاوە دێت، هەر هەمان دەنگی هەیە، هەمان ڕسـتە بێژێت، ئایا ڕۆژە؟ بە جۆرێک کە هێشـــتا ڕۆژ نەبووبێتەوە، دیارە هێشـــتا هەمان ئەو بەربەیانەیە کە لە دەستپێکی شیعرەکەدا هەیە. کەوایە ئەو هێڵەی کە دەتوانێت ئەم کۆپلەیە بە کۆپلەکانی پێشـەوە ببەسـتێتەوە، سـەرواتای ئەم کۆپلەیەیە، واتە شـادی و کەیفسـازیی بەدەم مەرگەوە.

**چوارەم**

**من بیرێکم پەروەراندووە کە بە ئاو ناگات،**

**لێ چ تاریکاییەکی جوان! لەو دیو، تاریکایی ژێر زەوییەکە،**

**[چاڵاوێکی کەندووە؛ کە لە ڕووخسارم هەڵدەنگوێت**

**من ئاوم، ئاو! و ڕەشتاڵانی کەساس، بەر لە نوێژ، بەدوای مندا**

**[هەڵوەدان.**

**تەماشایەکی ئاسمان، تەیارم دەکات کە بێدەنگ بم.**

**و لەنێو بێنی دڕاوا، چەکێکی ئاوڕەنگ بدۆزمەوە.**

**ئەو دەمەی کە ئاو، بە ڕەنگی خۆی هەڵدەشاخێت، من ئەوم،**

**[ئەو چرکەساتەم.**

**ڕەنگی ئاویش، چەند زێتر لە ئاو ڕۆبچێت،**

**زیندووتر دەبێت: شینتر!**

پەیوەندیی ئەم کۆپلەیە بە کۆپلەکانی پێشـــەخۆی، لە تێکڕای کۆپلەکانی دیکە لێڵترە. لەم کۆپلەیەدا شوێنەوارێک لە لایەنەکەی دیکە نابیندرێت و شاعیر تەنیا خۆبێژی دەکات. بیرێک کە هەڵمکەندووە بە ئاو ناگات، بەڵام تاریکایی، تاریکاییی ژێر زەوی، لەژێڵلا چاڵێکی لێداوە، وا پێدەچێت کۆتاییی ئەم چاڵە بە ڕووخساری من بگات، ڕوخساری منیش ئاوە، ڕوخسارم کە ڕووناکی، بێگەردی و پاکییە، ڕوخساری من ئەو ئاوەیە کە دەستنوێژی لەسەر دەگرن، ئاوێکە کە خەڵک پاکژ دەکاتەوە و تەیاریان دەکات بۆ چرکەســـاتی پیرۆز، وەک بڵێیت گەرەکی نەبووبێت کە بیرێک لێ بدەم، پێویســتی نەکردبێت هەوڵ بۆ دۆزینەوەی ئاو بدەم، خودی ڕوخساری من ئاو بووە. ئەمەشم لە تاریکاییدا بۆ هەڵهێندراوە.

لە ئاســمان هەڵدەنۆڕم و بێدەنگ دەبم، بەشــێوەیەک کە ئاســمان ڕێگەی بێدەنگیم پێشــان بدات، ئاســـمان تەیارم دەکات کە بێدەنگ بم، تا بتوانم بێدەنگ بم، هەتا ئەگەر چەکیشـــم پێویست بێت، چەکێک لە ڕەنگی ئاو بەدەست بخەم، ئەمە ئەو ڕێگەیەیە کە ئاسمان پێشانم دەدات، ئەمە ئەو شتەیە، کە ئاسمان بۆیم تەیار دەکات؛ بێدەنگی و بەدەستخستنی چەکێک لە ڕەنگی ئـاو. بەڵام ئەم چەکە ئـاوڕەنگییە لە کوێ بـدۆزمەوە؟ لەنێو قوڕگە دڕاوەکـان، گەرووی هەڵدڕاو، دڕاو و لەبەریەکچوو، پارچەپارچە و لەتوکوت کراو، لەکارکەوتوو، کە بێدەنگی تێیاندا دەژیێت، دەبێت چەکی ئاوڕەنگم لە بێدەنگیی ئەم گەروو (قوڕگ)ـــــە بێدەنگانەوە مەیسەر بکەم.

لە کۆتاییی ئەم کۆپلەیەدا، دیســان شــاعیر خۆیمان پێدەناســێنێتەوە، ســەرەتا گوتی کە من ئاوم، بەڵام لێرەدا خۆی ســـەرووتر لە ئاو هەڵدەکشــێنێت. خۆی بەو چرکەســـاتە لەقەڵەم دەدات، کە ئاو ڕەنگ لە خۆی دەبرێت، بەگژ ڕەنگی خۆیدا دەچێتەوە، نکوڵی لێدەکات و لە خۆیدا دەیتوێنێتەوە. ئەگەر بیر لەوە بکەینەوە کە ئاوەکە خۆی بووە، کەواتە دەیەوێت خۆی بە شین وێنا بکات، کە نایەوێت هیچ ڕووخسارێک پەسند بکات، هیچ ڕەنگێک بگرێتەخۆی، تەنـانەت تەواوی ڕەنگەکە لە خۆیـدا بتوێنێتەوە، ئـاوی بێـدەنگی، بێـدەنگییەک کە هەموو پەیڤەکـان لەخۆیـدا دەتوێنێتەوە، تێکڕای زمـانەکە لە خۆیـدا پووختە و کورت دەکـاتەوە، هەروەهـا تـاڕادەیەک خۆی بە ئـاو و بە بێدەنگیی دەزانێت؛ کـاتێک ڕەنـگ و زمـانیشـــی بەتەواوەتی هەر لە خۆیدا تواندەوە، ئەو دەم هەم زمانەکە نوێیە، هەم ڕەنگەکەیش زیندووتر دەبن. بە جۆرێک کە ئەوانە بە نکوڵیکردن و وەلاوەخســـتنی ڕەنگ و دەنگ، ڕەنگ و زمان، زیندوویان بکات.

بۆیە، ئەگەر بمانەوێت ئەم شـــیعرە لە ســـەرواتایەکدا کورت بکەینەوە، کۆپلەی چوارەمی شـــیعر لە ســـەرواتایەکدا کورت بکەینەوە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە دەبێت بێدەنگی هەڵببژێرین، گەرەکە تێکڕای خوویاکراوەکان لە خۆیدا بتوێنێتەوە. واتە شـــاعیر بێژێت، من بەم کارە هەڵدەســـتم، من ئەو چرکەســـاتەم کە تێکڕای ڕووخســـار و ڕواڵەتەکان لەمندا

دەتوێنەوە. من پووختەی تێکرای ئاخافتنەکان، پوختەی تەواوی ڕەنگان دەبم، لە خۆمیاندا دەتوێنمەوە و زیندووتر دەیانهێڵمەوە، تەنانەت لەوەی کە هەن ژێهەڵتر دەیانبەم و دەبمە سەرچاوەی پاکژی، بێگەردیی هزر و زمان.
ئەم ســـەرواتایە تا ڕادەیەک لە کۆپلەکانی دیکەی شـــیعرەکەدا ئامادەیی هەیە، وەک لەو شوێنانەی کە تێیدا لەبارەی بێدەنگی، نکووڵیکردن لە ناو، لابردنی ڕووبەند و مژاری دیکەی هاوشێوەوە دەدوێت، شوێنگەلێک هەیە کە دەکرێت ئەم کۆپلەیە بەوێ پەیوەست بکرێت، کە پەیوەندیی ئەم کۆپلەیە بە تێکڕای شـیعرەکە خوویا دەکات. بۆیە پەیوەندیی ئەم کۆپلەیە بە کۆی شـــیعرەکە لە کرۆک و گەوهەری ســـەرواتاکەیە، هەر ئەوەی کە گەرەکیەتی لە ناو، ڕەنگ و ڕووالەتەکان قوتاری ببێت و تەنانەت ئازادیشـیان بکات، نە ناو لە شـتێک بنێت، نە ڕەنگێکیش بۆ خۆی هەڵبژێرێت، نە کەسێکیش بە ناوێک گازی بکات. بەڵکوو لە هەموو ئەو سـنووردارییەتییانەی کە ڕەنگ، پەیڤ و زمان درووسـتی دەکەن، ئازاد ببێت. ئەم مژارە لە کۆپلەی دواییدا، بەڕوونی دەیبینین.

**پێنجەم**

**نامۆ، بەنێو حەشیمەتدا ڕادەبرم؛ تا چاو بڕبکات تەنێ ڕووەک، بەڵام لە خۆخشاندنی**

**[پێم ناوم لێدەگرێت.**

**چاوم نووقاندووە و ناوی ڕووەک، تاری و ڕەشن.**

**ئیتر لە هیچ شوێنێکدا، هیچ شوێنێک**

**من بەنێوێک، وشەیەک بانگ مەکە، کە ئێستا، تەواوی زمان**

**[لە ناوی ڕووەکێکدا، بەختەوەرە.**

**سەختتر لە ڕووەک، دەستم لێبدە، دەستەکانت پێشکەشت دەکەم**

**ناسکتر لە گیا، بمگرە باوەش، جەستەتم هەرزان**

**[دەدەمێ.**

**و ڕۆژگارێک کە ئاشەکان، لە ڕووناکیدا دەگەڕێن،**

**دەستەکانت لێکدەنێیت، مستت هەروا گرمۆڵە دەکەیت و**

**ئەم گرمۆڵەیە، مینا دیارییەک**

**دحەڤینیت.**

پەیوەندییەکی بەرچاو و ڕوون لەنێوان ئەم کۆپلەیە و کۆپلەی پێشەخۆیدا هەیە. بەم پێیەی کە لەم کۆپلەیەدا دەخوازێت ناو بتارێنێت و زمانیش بخاتە پەراوێزەوە، تەنانەت خۆیشـــی هەڵگری هیچ نـاوێـک نەبێـت. هەموو ڕووەکێکیش کە بەلای منـدا کەوتبن، نـاویـان بەســـەردابڕاوە، بەجۆرێک کاتێک بەلای ئەو ڕووەکانەدا و بەنێویاندا ڕادەبرم، بەردەوام خەریکن ناو دەبەخشـــن، بەردەوام ئەم ڕووەکانە دەخوازن بە ناوەکانیان ســـنووردار و پابەندیان بکەم، بەڵام من ئاوها شتێکم نەگەرەکە، بۆیە چاوەکانم دەقووچێنم و ڕووەکەکان نابینم، تا ئیتر ناویان بەســـەردا نەبڕم، تا ئیتر خۆیشـــم ناوێک هەڵنەگرم. هەنووکە تێکڕای زمان لە ناوی تاقە ڕووەکێکدا ئارام و شــــادە، مینا ئەو دۆخەی ئاو، کە ڕەنگی خۆی لە خۆیدا نووقم کردووە، تێکڕای زمانەکە، لە ناوی ڕووەکێکدا کورتبووەتەوە، لە ناوێکی تواوە و ئارامبووەوەی زمان. لەوڕا گەرەکە دەسـتبەرداری ناونان ببین، ئێسـتا کە زمانەکە سـادە بووەتەوە، هێنـدە ســـــادە و پەڕجوویی بووە، کە لە نـاوی ڕووەکێکدا پووختە و کورت هاتووە، بۆیە گەرەکە دەسـتهەڵگری ناونان ببین، ڕووەکەکان بەرم دەکەوتن، تا لەمنەوە، لە پەلکێشبوونیان ڕووەو من، ناو هەڵبگرن.

لە کۆپلەی دواتردا پێژێت دەســـــتم لێبدە، تەنانەت بەگوڕتر لە ڕووەک، بەڵام ئیتر لە منەوە ناونانێک لە تۆ ناندرێت، بەڵکوو دەستەکانت، بەتۆ پێشکەش دەکەم، دەستەکان، بەپێزانینەوە بۆت دەگەڕێنمەوە، بەبێ ئەوەی ناوێکیان لێ بنێم. بەخرۆشـــــەوەتر و تووندتر لە ڕووەک بمگرە بـاوەش، بەبێ ئەوەی نـاوێکـت لێبنێم، دووبـارە جەســــتەتم بە هەرزانی دەدەمێ، جەسـتەت پێشـکەش دەکەم و پێتی دەدەمەوە، بەبێ ئەوەی پاوانکاری و وابەسـتەی بکەم. ئیتر من لە ناو ڕەها بووم، تەنانەت تۆش ڕەها دەکەم. دەست و جەستەت پێشکەش دەکەم، ئەوەی کە پێشـتر هەرگیز نەتبووە. دوای ئەوەی بەرم کەوتیت و لە باوەشـت گرتم، دوای ئەوە ئیتر دووبارە بۆتیان دەگەڕێنمەوە، بەچەشنێک کە نەتبووبێتن؛ پێشکەشتیان دەکەم و تۆیش زیاتر لە ڕابوردوو لەگەڵیان ئاشــــنا دەبیت، وەک ڕەنگی ئاو، کە لە ئاودا توایەوە و زیندووتر بوو. تۆش دوای ئەوەی کە دەســـــتت لێدام و گرتمتە باوەش؛ زیندووتر و نوێتر دەبیت.

بەڵام کـاتێـک کە ڕوونـاکی بپەرژێـت و بەربەیـان بکـاتەوە، لەیەکتر جوێ دەبینەوە. تۆ دەســــتەکانت گرمۆڵە دەکەیت، لێکی دەنێیت و وەک دیارییەک دەیپارێزیت، بەبێ ئەوەی پێشـــــکەش بە کەســـێکی بکەیت. بەڕادەیەک دەســــتەکانت بۆ بەنرخ دەبن، لە فەوتـان دەیانگریتەوە، هەڵیاندەگریت، وەک ئەوەی ڕووناکی بێت، سپێدە بکاتەوە، تۆش ڕەها دەبیت. من ئازاد بووم؛ هەروەها تۆش ئازاد دەبیت.

دەتوانین لێرەدا بگەڕێینەوە بۆ کۆپلەی یەکەم و دەســــتپێکی جیابوونەوەکە. جیابوونەوەی ئێمە دابڕانێکی تـاڵ و ژاراوی نییە، جوێبوونەوەیەک نییە کە خەمنـاک بێت، مەرگی ئێمە،

مەرگێک نییە کە دڵتەزێن بێت. بەهۆی مەرگی ئێمەوەیە، کە کۆلارەیەک لە هەوایە و بەسەر وێرانییەکاندا درێژە بە ژیانی خۆی دەدات. ئازادی لەدوای مەرگەوە هەیە، ئازادیی لەدوای ئەم جوێبوونەوەیە هەیە. ئەوە ئەم جوێبوونەوەیەشە کە هەم من ئازاد دەکات، هەم تۆ.

**شەشەم**

**ئێستاکە چەنێک خوویا ڕووخسارت ئازار دەدات**

**گوڵەبەڕۆژە- هەتا هیوایێ بپشکوێت!**

**کەوایە کێ ئەم چاکەیە دەنوێنێت؟ کەی پێستی سیمات بە ماچ،**

**[شینومۆر بکات**

**تا ڕووناکی بپەڕژێت و**

**بە هێواشیی سپاس بکرێت؟**

**من! من کە ڕامووسانم، ترسناکتر لەیەک واژۆیە.**

**هەوای زوڵاڵ پشتڕاست دەکەمەوە و ڕاسانم لەسەر کورسییەکە**

**ئەڕای ماڵاوایی.**

**شـــەپۆلێکی ســـپی، لەگەڵ دەمامک و گوڵەوەنەوشـــەکان، ڕەگەڵ مووچڕکەیەکی تاسەباری**

**[گزنگان، وا نێزیک دەبێتەوە، نێزیک.**

**دەنێو چەڵەمەکاندا، هەوا دەهەستێندرێت، بەڵام دەنگی بەریەککەوتنی**

**[ئێسک، مایەی خۆشحاڵییە.**

**ماڵاوا، لەم چرکەساتە کاکێشانییەدا، دووبارە، هەمدیس، ماڵاوا!**

**و دەنێو ئەم هەموو ڕاستییانەدا**

**لە بری سوێند بە چنگێک خۆڵ خووڵکی منی کردووە،**

**سەرەپێیەکانم دەکوتم کە هێزی بیستنی**

**لە خاکەوە مەیسەر دەکەم.**

**هەرتک نووکی پێیەکانم.**

لەم کۆپلەیەدا لە مالاوایی هەڵدەنگوین. جوێبوونەوە؛ ئا ئەوەتا وا پێشـــدێت، بەڵام چۆن چۆنی ئەم جیابوونەوەیە ڕوو دەدات؟ ئەو ڕووناکییە لەکوێوە دێت کە ئەم جیابوونەوەیەی درووســـت کردووە؟ لە ڕووخســـارتدا ڕووناکیی پەنهانە، بەم هۆکارەوەیە کە گوڵەبەڕۆژە بەردەوام بەرەوڕووت دەســـووڕێت، بە شـــێوەیەک کە بیهەوێت ئازارت پێبگەیێنێت، ئەو ڕووناکییەی کە لە ڕووخسارت؛ لەبن پێستی دەموچاوت؛ پەنهانە، هۆکارە کە گوڵەبەڕۆژەکە ڕووت تێبکـات. هەرچەنـد ئەم ڕووتێکردنە بەردەوامەی، ئـازاردەرتە، بەڵام هیواش هەیە، هیوایەک بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم ڕووناکییە و ئەو کەســـەیش کە لەگەڵت بەخشـــندەیە؛ ئەم ڕووناکییەت لێ ئازاد دەکات و جوودای دەکاتەوە لێت، ئەو کەســـەش منم و ئامرازی ئازادکردنی ئەم ڕووناکییەش؛ ڕامووســـانە. ڕامووســـانێک کە وا لە واژۆ مەترســـیدارترە. واژۆکردن پشـــتڕاســـتکردنەوە و ڕامووســـانی منیش، هەر ئاواها کارێک دەکات. ئەم تایبەتمەندییە مەترســیدارەی کە لێرەدا هەیە، مەرج نییە شــتێک بێت کە ببێتە هۆی ترس و خۆف، بەڵکوو وای دابنێ، کە ســـامناکیمان لە دۆخێکی کەلەجانیی (هەیەجانی)دا بەکار هێناوە، ترسناک بەمانای بەرترس، لە دەرەوەی چاوەڕوانیمانەوە، بەرترس. واژۆ پشتڕاست دەکاتەوە و ڕامووسانەکەی منیش هەر پشتڕاستکردنەوەیە، ئاخۆ بڵێی ئەوە چ شتێک بێت، کە ڕامووسانی من پشتڕاستی دەکاتەوە؟

من بە ڕامووسـانت ڕووناکی پشـتڕاسـت دەکەمەوە. ئەوە ڕامووسـانی منە، کە وا قووڵاییی تەواوی ناخی شـەو، هەوای سـامااڵ و ماڵئاوایی واژۆ دەکات، ئەم ڕامووسانە، ڕامووسـانی دووماهییە، کە دوای ئەوە ڕووناکی دێت و ماڵاوایی کردن؛ ڕامووســـانی جوودایییە؛ وەک ئەوەی کە ڕاتدەمووسم؛ پاکی هەوا بسەلمێنم. بۆ ماڵاوایی لەسەر کورسییەکە ڕادەبم. ئەمە چ کاتێکە؟ شـــەپۆلی ســـپی و کەفاوی لەگەڵ دەمامک و گوڵەوەنەوشـــەکان نزیک دەبێتەوە، لەگەڵ دڵتەنگی و دڵەڕاوکێییەکی تاســـەبار و خۆشـیی بەربەیان نزیک دەبێتەوە، وا خەریکە بەیان دەنگوێت، ئەمجارەش دەبێت خۆمان دەمامک بدەینەوە، ئەوا ئیتر دووبارە ڕەنگەکان دەردەکەونەوە. ئێمە دەمـامکەکانمـان لادابوو و لەژێر خـاچەکەدا بەختەوەرانە بەخۆشـــی خواردبوومانەوە، بەڵام ئێســـتاکانێ هەر کە گزنگ دەبێتەوە، هەمدیســـــان دەمامکەکان دەکەونەوە ســـــەر دەموچاومان، دووبارە ڕەنگ دەردەکەونەوە. ئەم ڕەنگە، ئەم دەمامک و ناوە، دووبارە لێکمان هەڵدەبڕێننەوە.

وێنەی کۆپلەکە لە ســـەرەتاوە تا کۆتاییەکەی، وێنەی ناوازەن؛ هەوا لەنێو چەڵەمەیەکدا (سی) هۆشـی دەێتەوەبەر، کەچی دەنگی شکانی ئێسک مایەی خۆشـحاڵییە. جۆرە یارییەک هەیە کە پێی دەڵێن یاری چەڵەمەشـــکاندن، کە گرەو دەکرێت و لە دوولاوە دوو کەس چەڵەمەی مریشـــکێک دەگرن و دەیشـــکێنن، لە درێژەی یارییەکەدا هەریەک لە لایەنەکان، هەوڵ دەدەن شـتێک بە لایەنی بەرانبەریان ببەخشـن؛ شـتێک پێشـکەش بە لایەنەکەی دیکە

بکەن، بەڵام ئەگەر لایەنی بەرانبەریان گرەوەکە لەیاد بکات، ئەوە گرەوەکەی دۆڕاندووە، بۆ ئەوەی بشیسەلمێنێت کە گرەوەکەی لەیادە، دەبێت بڵێت لەیادمە. دوای ئەمە ئەوەی بە ئێمە دراوە، وەری بگرێت، بەڵام ئەگەر لەیادی بکات و نەڵێت لەیادمە، لایەنی بەرانبەر گرەوەکە دەباتەوە و دەڵێت تۆ لەیادمدا نامێنیت.

لەم دێڕەدا بەســـەر گرەوکردن هەڵدەنگوین، دەنگی شـــکانی ئەم ئێســـکە خۆشـــحاڵییە، دەستپێکی یارییەکی نوێیە. چەند کاتژمێرێک دوای ئەوە، یەکڕاست لایەنی بەرانبەر چنگێک خۆڵ پێشکەشی شاعیر دەکات. بەڵام هەر پێش ئەوە، دووبارە شاعیر ماڵاوایی دەکاتەوە.

لەم چرکەســاتە کاکێشــانییەدا، چرکەســاتێکی بێکۆتاییە لە چرکەســاتێکی ناکۆتا ماڵئاوایی دەکات. پاشان لایەنی بەرانبەر، بەتەواوی ڕاستگۆیی و دڵسۆزییەوە، لەبری سوێندەکەی، بە چنگێک خۆڵ خووڵکی شـــاعیر دەکات، ئەگەر شـــاعیر ئەم چنگەخۆڵەیە وەربگرێت، گرەوەکەی پێ دەدۆڕێنێت، بەشـــێوەیەک کە یارییەکەی لەیاد کردبێت، بەڵام شـــاعیر چی دەکات و پەرچەکرداری لە هەنبەر ئەم چنگەخۆڵەیە چی دەبێت کە پێشــکەشــی کراوە؟ بەم ســـوێندە نامۆیەی کە بەرانبەر دەیخوات، ئاخۆ جارێکی دیکە ســـوێند بە چنگێک خۆڵ دەخواتەوە؟

لەوە وردبووینەتەوە، کە ناکرێت یەک مانا بۆ ئەم وێنەیە لەبەرچاو بگیردرێت، بۆیە بۆ ئەوەی بتوانین هەمەکییەکی لێ هەڵبهێنجین، دەبێت هەموو ئەمانە لەبەرچاو بگرین، بۆ ئەوەی لە چرکەســـاتێکی کاکێشـــانییدا، لە چرکەســـاتێکی لەڕادەبەدەردا گرەوێک لەمەڕ بیرهێنانەوە ئەنجام دەدرێت، کە یەکتر لەیاد نەکەن. دەســـتبەجێ لایەنی بەرانبەر بۆ تاقیکردنەوەی شــاعیر، چنگێک خۆڵی پێشــکەش دەکات و ســوێند بە هەمان چنگەخۆڵەکە دەخوات.

بۆ ئەوەی لە مانای ئەم ســـوێندە تێبگات، شـــاعیر پێیەکانی لە زەوی دەکوتێت. ئەم پێ لە زەوی کوتاندنە مکوڕبوونە. بەو مانایەی کە بۆ تێگەیاندنی لایەنەکەی، بڵێت؛ من ســـوورم لەسەر ئەم سوێندە، چونکە سوێند بە چنگێک خۆڵ بووە. پێیەکانیشی لە زەوی دەکوتێت تا هێزی بیســتن لە زەویی مەیســەر بکات، هەتا تێبگات، چونکە خۆڵ لە زەوییە، لە زەوییەوە تێبگات کە ئەم خۆڵە، ئەم ســـوێندە چ مانایەکی بۆی هەیە. هەر بۆیە گەرەکە هەردووک ڕوانگەی وێنەکە لەبەرچاو بگیردرێن؛ پێداگریی شـــاعیر لەوەی کە لەیادم ناچێتەوە و هەم کۆششەکەیشی بۆ تێگەیشتن لە مانای وەها سوێندخواردنێکی بە چنگێک خۆڵ.

پەیوەندیی ئەم کۆپلەیە بە کۆپلەکانی پێشـــەخۆی ڕوون و ئاشـــکرایە، لە لایەکی دیکەوە لێرەدا بەدووعا و دووماهیی ئەم پەیوەندییە، کۆتاییی شەو وا خەریکە پێشدێت؛ ڕامووسانی ماڵاوایی وا پێشـــدێت، ڕاســـان و ڕابوون لەســـەر کورســـی بۆ بەدووعا گوتن و گزنگ دەنگوێت، ئیتر وا ئەم لێکجیابوونەوەیە لە یاکام (کەمال)ی خۆی نێزیک دەبێتەوە.

**حەوتەم**

**لە زەویی بێگەرد با هەڵبڕاو نەبێت چاو**

**کە تەنیا بووکێک، لەپاڵ ژوورەکەدا، دەکۆکێت.**

**تایبەتمەندیی- غەزالانە - و هەروا ورەش**

**لەسەر خوان لە پاڵ ئاو داندراون، ئاو نیشانەیەکی مەزنە**

**بە لەنجەولارێک لە دیمەنێکدا.**

**لەوێ، لە دووردەست، بە هێواشی باڵدەگریت، بەڵام لەو**

**[سەرەوەش**

**نیگای بەربەنەکەت دەکەوێتە سەر شاران.**

**ئا لێرە-هەر لێرووکانە-ئارام ئارام، دەژەنم، دەنووکە**

**[لێدەدەم؛ پەنجەی من، لە بێدەنگیی دادپەروەرترە.**

**و سەما، پاڕانەوەیەکی گیرابووە**

**لەو دەمەی زەوی دەلەرێتەوە.**

ئەم کۆپلەیە، کە دوا کۆپلەی شیعرەکەشە، وا پێدەچێت درێژە و بەرەنجامی کۆپلەی دووەم بێت، لە کۆپلەکەدا وا بڕیار بوو، کە بوومەلەرزەیەک پێش بێت و بارانیش دابکات، بەڵام لەم کۆپلەیەدا -کۆپلەی حەوتەم- باران باریوە، زەویش شـــۆردراوەتەوە. بڕیار وا بوو کە باران ڕەنگەکان بشواتەوە، ناوەکانیش ڕابماڵێت، ڕووەکەکانیش بۆ سرووشتە ڕەسەنەکەی خۆیـان بگەڕێنێتەوە و لە کۆتوبەنـدی نـاو و زمـان ڕەهـایـان بکـات. لێرەدا زەوی شـۆردراوەتەوە و تەنیا شـتێکیش کە مابێتەوە، ئەوە بووکێکە کە لە ژووری تەنیشـتییەوە ئامادەیی خۆی، بوونی خۆی پێشـان دەدات. بووک؛ کە گەوهەری جوانی و پێگەیشتوویی خاڵی گیرسانەوەی هەردووکیانە، وەک ئەوەی دوای باران، بووکی جوان و نوێ، لەڕاستییدا لە ژووری تەنیشـــتەوە خودی جوانی و پێگەیشـــتوویی خەریکی ڕاگەیاندنی ئامادەبوونن؛ جوانی و بێگەردی کە بەرەنجامی پاککردنەوەی ناو، ڕەنگ و هـاوکات هەموو شـــتێکی ڕوواڵەتییە.

وێنەی خوان، وێنەیەکە کە دەکرێت پەیوەنـدیی لەگەڵ کۆی ئەو وێنـانەدا هەبێت، کە لە شیعرەکەدا بینیومانن، خوان نیشانەی خواردن و هەرسکردنە، پاش خواردنی شتی بێگیان،

ئەوە تێکەڵی ڕووح و گیانی کەسەکە دەبێت، ئەوەی کە ئێستاش وا بڕیارە بخورێت، لەسەر خوانەکەیە و لێی دەنۆڕین، تایبەتمەندی، هێز و ئاو؛ تایبەتمەندیی غەزالاســـا، تایبەتمەندی، باشی و نەریتە جوانەکان لەپاڵ هێز، ناسکی و دژواری؛ ئەم دووانە لەسەر خوانەکەن. ئەم دوویینەیە وا لەســـەر ســـفرەن و هەمیشـــەش ئاویان لەتەنیشـــتەوەیە، ئەمانە هەموویان داندراون، کە بخورێن و هەرس بکرێن، هاوکات وا بڕیارە کە لە دواجاردا ئەم دوویینەیە هەر بخورێن و نەمێنن. ناو بەهۆی ئەو بارانەیەوە شۆردراوەتەوە، هەنووکەش تایبەتمەندی و وزەش بڕیارە کە هەرس بکرێن و بۆ شـــتێکی نوێ بگۆڕێن. ئاویش کە بینیمان ڕەنگی لەخۆدا هەرسـاندووە و لەسـەر سـفرەکەش داندراوە، ئەمە هێمایەکی مەزن و نیشـانەیەکی گەورەیە لە بەنازی، جوانی و لەنجەولار لە دیمەنەکەدا، ئەوەی لە دیمەنەکەدا؛ بە لەنجەولار ڕۆیشـتن و شـەنینەوە، ئەوە ئەم وێنەیە پێدەچێت بەو مەبەسـتە بەکارهاتبێت، کە گەرەکی بێت بیژێت؛ تەنانەت ئێمەش هەر دوای ئەوەی ناوەکان دامالدران، تایبەتمەندی و وزە هەرس بوون و ئەم دوویینەیەش نەمان، شـتێکی نوێتر فراژا، دەڕۆین و دەبین بە بەشـێک لە دیمەنەکە (لە خوانەکە)، خۆشمان دەڕۆین و لە دیمەنێکدا دەتوێینەوە.

وا گریمانە دەکرێت کە وێنەی دوایی، هەمان ئەو دیمەنەیە بێت، کە چاوی لە دووردەســـت بڕیووە، کە لەو دوورانە کەسـێک خەریکە بەشـێنەیی ڕوو بە هەوا بەرز دەبێتەوە، کەسـێک زۆر بەهێواشـــی خەریکە خول دەخوات و بۆ هەوا هەڵدەکشـێت. خولخواردن کردەوەیەکە دەدرێتە پاڵ جادووباز و پەرییان، کە بەبێ پەڕوباڵ لەسەر زەوی ڕووەو هەوا بەرز ببنەوە و بڕۆن. بیژێـت تۆ وا خەریکە بەکـاوەخۆ خول دەخۆیتەوە و بۆ هەوا دەچیـت، لەو بەرزاییەشەوە نیگای نێچیرەکەت دەکەوێتە سەر شاران، لەگەڵ ئەوەی کە وا خەریکە لەم شـــارانە جوێ دەبیتەوە، دواجار بوومەلەرزەیەک بڕیارە پێشـــبێت و تۆش خەریکە ئەم زەوییە جێدەهێڵیت و دەڕۆیت. لەگەڵ ئەوەی کە جوێ دەبیتەوە، گەرەکتە لەم شـارانە ئازاد و لە ئاسـماندا ڕەها بیت، بەڵام وا دیارە کە هێشـتاکانێ نیگەرانیت و نیگای چاوزاربڕەکەت بە ئاڕاستەی شاران ڕێ دەکات بەربەنە؛ جادوویەکە بۆ ڕێگری لە چاوزار. بەشێوەیەک کە تۆ نەتەوێت ئەم شـارانە وێران ببن، هێشـتا دڵت بە شـارانەوەیە، بۆیە نیگای بەربەنەکەت دەکەوێتە سەر شار.

لە کۆپلەکانی پێشـتردا شـتێکمان بینی، کە بەرەو ئاسـمان هەڵدەکشـا، بەسـەر وێرانییەکاندا لەفڕین نەدەکەوت، ئەویش کۆلارەیەک بوو؛ وێدەچێت لێرەدا شـــاعیر کۆلارەکە بدوێنێت و لەگەڵ بەختیـاری بپەیڤێـت، بەختیـاری، کە وا خەریکە لەم زەمینە جوێ دەبێتەوە و ســـەرهەڵدەگرێت، بەختیاری کە وا مەودا لەگەڵ ئەم بوومەلەرزەیە وەردەگرێت، هەتاکوو زیانی پێنەگەیێنێت، بۆیە دەچێتە ئاســـمان و بەردەوامی بە فڕینی خۆی دەدات، بەڵام ئەم بەختیارییە شوێنەواری خۆی بەجێدەهێڵێت؛ هەروەک کە نیگای بەربەنەکەی بەسەر شاردا دەگێڕێت.

شـــاعیر لە وێنەی دوای ئەمەدا لەمەڕ خۆیەوە دەدوێت، کە هەر لەو نزیکانە دانیشـــتووە پەنجە لە تاڵی ئامێری مۆســـیقا دەدات و دەڵێت: پەنجەکانی من لە بێدەنگی دادپەروەرترن. چەکی شاعیر بێدەنگی بوو، چەکێک بوو کە لە قوڕگە دڕاوەکانەوە بەدەستخرابوو، ئاسمان سازی کردبوو و فێری بێدەنگیشی کردبوو. بەڵام ئەوەتا لێرەدا دووماهیی شیعرەکە کەڵک لەو شتە وەردەگرێت، کە مۆسیقایە، ئیدی زمان لەبنهاتووە و ئەم مۆسیقایەش لە بێدەنگی دادپەروەرتر و لێشـــی چێترە، ئەو کاتەی کە زمان کۆتایی دێت، ئەوە مۆســـیقایە، کە لەڕادەبەدەر دادپەروەری و هاوســـەنگیی دەروونی دابین و جێگیر دەکات. دادپەروەرانەتر لە بێدەنگیی ئەم مۆسیقایەیە.

دواجار، وێنەی کۆتایی، بە ڕوودانی بوومەلەرزە دەست پێ دەکات، سەماش پاڕانەوەیەکی گیرابووە لەو دەمەی کە زەوی دەلەرێتەوە. ســـەماکردن و دڵخۆشـــی خەونمان بوو. دڵخۆشیی ئێمە بەشێوەیەکی هاودژ و دژیەک دەرسکێت، لەبری ئەوەی کە خۆمان سەما بکەین، ئەوە زەوی دەلەرزێت و ئێمەش وەســـەما دەخات، دەشـــزانین کە دوای ئەم بوومەلەرزەیە، چی دەقەومێت، لە کۆپلەی دووەمدا خوێندمانەوە؛ خانووەکان دادەڕمێن، زارۆکەکە دەمرێت، تەنیا شتێک کە لەم بوومەلەرزە و سەماکردنە دەمێنێتەوە؛ شتێک کە لە کۆی ئەم شـــیعرەدا دەمێنێتەوە: ئەوە ئەو کۆلارەیەیە کە بەســـەر کەلاوەدا لە فڕینی خۆی ناکەوێت.

**کۆتایی**

ئەم خوێنـدنەوەیەی کە بۆ شـــیعری "خۆرە"ی بێژەن ئیلاهی بە ئەنجـام گەیشـــــت، خوێندنەوەیەکی ئەگەرییە بۆ شـــیعرەکە. ئێمە لەســـەر بنەمای ناوونیشـــانی شـــیعرەکە دەستبەکار بووین و هەوڵماندا لەنێوان کۆپلەکاندا سەرەداوێک بەدەست بهێنین. هەرچۆنێک بێت، ئاشکرایە کە شیعرەکە، شیعرێکی وێنەخوازیی "ئیماژیزمیی"ـیە، پێدەچێت هەندێک لەم وێنانە -وێنەکانی شیعرەکە- لەگەڵ ئەو ڕاڤەیەی کە ئەنجاممان داوە، یان لەگەڵ ئەو خاڵەی کە لەبەرچاومان گرتووە، نەگونجێت. لە ڕوانگەیەکی دیکەوە گەرەکە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە شـــیعری مۆدێرن ڕاڤە ڕەتدەدات و لە مانا خۆی دەبوێرێت، شـــیعرێکە، بەتایبەت کە شـیعرێکی درێژە، بە مەبەسـتیش ئاڵۆز، لێڵ و ناڕوون؛ بەشـێوەی تەواو ڕەمزی و خودی نووسراوە.

کۆشـــشـــی ئێمە بۆ دۆزینەوە، کردنەوەی کۆد و ڕێژەی پەیوەنـدییـان لەنێوان وێنە و کۆپلەکاندا؛ لەوانەیە ئەنجامێکی باش بەدەستەوە نەدات، بەدڵنیاییشەوە ناتوانین ئەوە بێژین، کە ئەمە تاکە خوێندنەوەی ئەم شـــیعرەیە و خوێندنەوەی دیکەی گەرەک نییە، ڕاســـتە دەتوانین بۆ هەندێک لە شـــاعیران ئەمە بێژین، بۆ ئەو شـــیعرانەی، کە لەســـەر بنەمایەکی باوی ئەدەبی نووســـــراون، دەکرێت مانایەکی تاق و یەکتا لەخۆ بگرن، تەنانەت دەکرێت

خەیاڵی ئەوەش بکەین، کە ئەو شتەی شاعیر مەبەستی بووە، پێیگەیشتووین و پێکاومانە. بەڵام شیعری مۆدێرن وەها وێنایەک هەڵناگرێت، شیعری مۆدێرن لە هەوڵی فرەدەنگییدایە، بە مەرام خۆی لەپشـــت وێنەی دیکە دادەشـــارێت. ئێمە تەنیا لەڕێگەی گومان و ئەگەری خۆمانەوە لە شـــیعرەکە نێزیک دەبینەوە، ناتوانین بە کرۆکی ئەم شـــیعرە بگەین، ئێمە ناتوانین کرۆکی شـــیعری مۆدێرن وەدەســـت بخەین. تەنیا مانایەک لەســـەر بنەمای ئەو ڕواڵەتەی کە تێیدا دەبینین، بۆی دەســـازێنین؛ لەســـەر بنەمای وێنەیەک کە شـــاعیر لە وێناکردنی ئەزموونی لەگەڵ شیعردا بۆی ئافراندووین.

لە لایەکی دیکەوە پێشـنیازێک کە بەشـێک لە ڕەخنەگرانی شـیعری مۆدێرن بۆ خوێنەرانی شـــیعری مۆدێرن دەیخەنەڕوو، ئەمەیە کە: بە هیچ جۆرێک بەدوای مانادا نەگەڕێین، لەو دیمەن و وێنانە چێژ وەربگرین، وەک چۆن شـــاعیر چێژی لێوەرگرتوون و دەریبڕیوون. دەتوانین بیخەملێنین و بڵێین هەمان ئەو قسەیەیە کە لەمەڕ نیگارکێشیی مۆدێرن گوتوویانە. کاتێک تەماشـــای نیگاری "کاندینســـکی" دەکەیت، کۆمەڵێک هێڵ و ئاریشـــەی ئەندازیاری دەبینیت، کە دەتوانیت بۆ خۆت مانا هەڵبهێنیت، دەتوانیت لەم وێنە و ڕووکەشـــەی کە دەیبینیت مانا بســـازێنیت، بەڵام لەوانەیە نەتوانیت بەو گەوهەر و کرۆکە هزرییە بگەین، کە دنەی کاندینسکی داوە تا بیکێشێت. هەر بۆیە لە خوێندنەوەی شیعری مۆدێرندا، بەشوێن کرۆکی ئەو شیعرەدا نین؛ بەدوای ئەوەوە نین، کە شاعیر دەیویست بیڵێت، چونکە شاعیر ئەوەی کە دەیویست بیڵێت، شاردوویەتییەوە و دەرینەخستووە.

مەبەستی شاعیر لە نووسینی شیعر، خودی شیعر بووە، نەک شتێکی دیکە، ئەوە ئێمەین، کە بە هۆی دابونەریتی ئەدەبی و چاندیمانەوە، کە نەریتێکی ماناخوازییە، ڕووکەشـێک کە مانا لەخۆ نەگرێت، بە مردوو و بێگیان دەناســـرێت، تەنیا شـــتێک کە دەتوانین لە چاند و نەریتی ئەدەبیماندا چێژی لێوەربگرین، ڕووکەشـــێکە کە مانا و گیانی هەبێت، بۆیە تەقەلا دەکەین بۆ شـــیعری مۆدێرنیش مانای خۆمانی بۆ درووســـت بکەین، مانایەک کە لەوانەیە تەواو دژیەک و هاودژ بێت لەگەڵ کرۆکی شـــیعر و تەنانەت لەگەڵ کرۆکی هزرێکیش کە دنەی شاعیری داوە.

### ٥- فەرهەنگۆکی شیعرەکە

**تێبینی**: ئەم فەرهەنگۆکە تەنیا ئەو مانایەی لەخۆگرتووە، کە لە وەرگێڕانی شـــیعرەکەدا مەبەستە.

**دووماهی**: کۆتایی. **سـپاردە**: سـپاردووە. **پیا**: پیاو. ئاخافتن: گفتوگۆ. **ل دو**: بە دوای. **ئێدی**: ئیدی. **بلەز**: لەپڕ، لەناکاو. **کردگە**: کردووە. **دهێتە ناسکرن**: دەناسرێت. **شکەفت**: ئەشکەوت. **قۆچکە**: شـــاهەســـتەوەر (**ف.** شـــاخک). **دتاییســـێن**: دەبریقێنەوە، دەترووســـکێنەوە، دەدرەوشـــێنەوە. **کەفتگە**: کەوتووە. ب هەڤرا: پێکەوە. **وێ**: ئەوێ. **دحەڤینیت**: دەپارێزیت؛ حەڤین؛ گوشـــین، گرتنی زۆر توونـد، پارێزگاریکردن لە شـــتێک، بۆ نموونە شـــتێکت لەنێو دەســـتدایە، دەســـتت توونـد دەگریت، گرمۆڵەی دەکەیت و دەیگوشـــیت. **خوویا**: ئاشـــکرا. **رابمووســـێ**؛ رامووســـین: ماچ. **رادەبم**: هەڵدەســـتم. **ئەڕای**: بۆ. **دەنووکە لێدەدەم** (**ف**: زخمە میزنم): ئامرازێکە بۆ ژێی ئامێری مۆســـیقا بەکاردەهێندرێت لە بری پەنجە. **بەربەنە** (**ف:** نظرقربانی): چاوزاربرە؛ چاوزاربڕ؛ مرووی چاوزار. **بەرترس**: ترسی لەڕادەبەدەر زیاد؛ یان یەکجار مەترسیدار.

**٦- سەرچاوەکان**


١- شـــریفی. محمد (١٣٩٥). فرهنگ ادبیات فارســـی معاصـــر. فرهنگ نشـــرنو- تهران. نوبت چاپ: یەکەم. لاپەڕە: ٥٤٩.

٢- الهی، بیژن (١٣٩٩). جوانی‌ها، چاپی پێنجەم. بڵاوکراوەی بیدگل، تاران.

٣- لینکی وتاری ڕاڤە و خوێندنەوەی شیعرەکە:

https://t.me/amirnormohamadi1976/30387

٤- زهـرا راه گـل: بـیـجـدنـو، آخـریـن ســـنـگـر ســـکـوت بـیـژن الـهـی: لـیـنـک: https://bijdono.blogfa.com/post/54

٥- ویکیپیدیا:

https://fa.wikipedia.org/wiki/%D8%A8%DB%8C%DA%98%D9%86_%D8%A7%D9%84%D9%87%DB%8C

٦- ویکیەدەبیات:

https://wikiadabiat.net/index.php?title=%D8%A8%DB%8C%DA%98%D9%86_%D8%A7%D9%84%D9%87%DB%8C&mobileaction=toggle_view_desktop

٧- https://bijanelahi.hcommons.org/